گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەخنەی فۆرمالیستی ڕووسی لە ڕەخنەی شیعری کوردیدا: بە نموونەی لێکۆڵینەوەکانی "نزار سەلمان تاهیر"

**ئەڤین خالید قادر**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی , زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Avin.qader@su.edu.krd

**د. فوئاد ڕەشید محەمەد**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی , زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Fuad.mohammd@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن:٢٠٢٥/٦/١٠

پەسەندکردن:٢٠٢٥/٨/٦

بڵاو کردنەوە:پایز ٢٠٢٦

**ووشە سەرەکییەکان**

*Russian Formalism, Kurdish Poetry Criticism ،Nizar Salman Tahir، Meta-criticism, Application.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.4.15

**پوختە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەییە بۆ چۆنێتی بەکارهێنان و تێگەیشتنی بنەما ڕەخنەییەکانی فۆرمالیستی ڕووسی لە ڕەخنەی شیعری کوردیدا. لێکۆڵینەوەکە دوو بەرهەمی جیاوازی"نزار سەلمان تاهیر" هەڵدەسەنگێنێت: کتێبی "خوین دهمبێزا بەفریدا" (٢٠٠٤) وەک کارێکی نا-ئەکادیمی، و لێکۆڵینەوەی "تیۆرا ڕەخنا فۆرمالیستیا ڕۆسی: پێکهات و بنیات" (٢٠١٧) وەک کارێکی ئەکادیمی. بۆ ئەم مەبەستە، لێکۆڵینەوەکە ڕێبازی شیکاری-بەراوردکاری بەکاردەهێنێت لە چوارچێوەی ڕەخنەی ڕەخنەدا، بۆ شیکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی نزار و دەرخستنی دژیەکییەکان لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا. ئەنجامەکان دەریدەخەن کە سەرەڕای تێپەڕبوونی ١٣ ساڵ لە نێوان هەر دوو کارەکەدا، هەندێک گرفتی تێگەیشتن و هەڵە لە بەکارهێنانی چەمکە فۆرمالیستییەکان هەر ماونەتەوە

## پێشەکی:

ناوونیشانی توێژینەوەکە:ڕەخنەی فۆرمالیستی ڕووسی لە ڕەخنەی شیعری کوردیدا بەنموونەی لیکۆڵینەوەکانی "نزارسەلمان تاهیر"

## سنووری توێژینەوەکە:

سنووری ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە چۆنێتی تێگەیشتن و پراکتیزەکردنی میتۆدی فۆرمالیزمی ڕووسی لە کارەکانی "نزار سەلمان تاهیر"دا، بە دیاریکراوی هەردوو بەرهەمی: کتێبی "خوین دهمبێزا بەفرێدا" (٢٠٠٤) و توێژینەوەی "تیۆرا ڕەخنا فۆرمالیستیا ڕۆسی: پێکهات و بنیات" (٢٠١٧).

## ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە ڕێبازی شیکاری-بەراوردکاری بەکاردەهێنێت لە چوارچێوەی ڕەخنەی ڕەخنەدا. شیکردنەوەکە لە دوو ئاڕاستەدا ڕۆیشتووە: یەکەم، بەراوردکردنی بنەما و چەمکە بنەڕەتییەکانی ڕەخنەی فۆرمالیستی ڕووسی لەگەڵ کارە ڕەخنەییەکانی نزار سەلمان تاهیر، بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی تێگەیشتن و دووری یان نزیکی لە میتۆدەکە. دووەم، بەراوردکردنی دوو بەرهەمی جیاوازی نزار سەلمان تاهیر (٢٠٠٤ و ٢٠١٧) بۆ هەڵسەنگاندنی پەرەسەندن و گۆڕانکاری لە تێگەیشتن و بەکارهێنانی ڕەخنەی فۆرمالیستی لە ماوەی ١٣ ساڵدا.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە هەڵسەنگاندنی کێشەکانی تێگەیشتن و پراکتیزەکردنی بنەما ڕەخنەییەکانی میتۆدی فۆرمالیزمی ڕووسی لە ڕەخنەی کوردیداڕەنگدەداتەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵی ڕاستکردنەوەی چەمکە هەڵەکان لە گوتاری ڕەخنەیی کوردی و هەروەها، خۆی لە دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەدا کە بوونەتە بەربەست لە بەردەم تێگەیشتنێکی دروستی بنەما فۆرمالیستییەکان لە ڕەخنەی کوردیدا، و پێشکەشکردنی ڕێگەچارە بۆ کێشەکان بە پێی توانا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بزاڤی فۆرمالیزمی ڕووسی وەک یەکێک لە کاریگەرترین میتۆدە ڕەخنەییەکان لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبیدا. هەروەها بوونی کەلێنێکی زانستی لە توێژینەوە کوردییەکاندا لەبارەی وەرگرتن و پراکتیزەکردنی چەمک و بنەماکانی میتۆدی ناوبراو لە ڕەخنەی شیعریی کوردیدا. تایبەتمەندی کارەکانی نزار وەک نموونەیەکی گرنگ، کە تێیدا هەم کاری ئەکادیمی و هەم کاری نا-ئەکادیمی هەیە، لەگەڵ ماوەیەکی زەمەنی گونجاو (١٣ساڵ) لە نێوانیاندا، دەرفەتێکی باش دەڕەخسێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی پەرەسەندنی تێگەیشتن و پراکتیزەکردن.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی چۆنێتی تێگەیشتن و پراکتیزەکردنی بنەما و جەمکەکانی بزاڤی ڕەخنەیی فۆرمالیزمی ڕووسییە لە ڕەخنەی شیعری کوردیدا، لە ڕێگەی شیکردنەوەی کارەکانی "نزار سەلمان تاهیر" وەک نموونە. توێژینەوەکە هەوڵدەدات دژیەکییەکانی نێوان لایەنی تیۆری و پراکتیکی دەستنیشان بکات، هەڵە تێگەیشتنەکان بدۆزێتەوەو ڕێگەچارەی زانستی پێشکەش بکات بۆ باشترکردنی پرۆسەی گواستنەوەی چەمکە فۆرمالیستییەکان بۆ ناو ڕەخنەی کوردی.

## پرسیارەکانی توێژینەوە:

١. ڕادەی تێگەیشتنی نووسەر بۆ چەمک و بنەماکانی میتۆدی فۆرمالیزمی ڕووسی و یەکگرتنەوەی لەگەڵ سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئەم ڕێبازە؟

٢. ئایا هەماهەنگی هەیە لە نێوان تیۆری و پراکتیکدا لە کارەکانی نووسەردا، یان دژیەکی هەیە لە نێوانیاندا؟

3. چ پەرەسەندنێک لە تێگەیشتن و پراکتیزەکردن، لە ماوەی ١٣ ساڵی نێوان هەردوو کارەکەی نووسەردا بەدی دەکرێت؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٤. چ هۆکارێک بۆتە هۆی سەرهەڵدانی گرفتەکانی تێگەیشتن و پراکتیزەکردنی چەمکەکان لە ڕەخنەی کوردیدا، و چۆن دەکرێت ئەم گرفتانە چارەسەر بکرێن؟

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە، لە پێشەکی و دوو تەوەری سەرەکی و ئەنجامەکان پێکهاتووە:

تەوەری یەکەم :چوارچێوەی تیۆری میتۆدی فۆرمالیزمی ڕووسی، مێژووی سەرهەڵدان، ڕابەرانی بزاڤەکە و بنەماو چەمکە سەرەکییەکان (فۆرم، ئەدەبیبوون، نائاشناسازی، ئەرکی شیعری زمان، ڕەگەزی زاڵ،هاوتەریبی...هتد).

تەوەری دووەم : باس لە هاتنە ناوەوەی بزاڤی فۆرمالیزمی بۆ ناو ڕەخنەی کوردی دەکەین، خستنە ڕوو و هەڵسەنگاندنی کارەکانی نزار و بەراوردی پەرەسەندن لە ماوەی ١٣ ساڵدا.

## 1. چوارچێوەی تیۆریی :

### 1.1 ناساندن و مێژووی سەرهەڵدان:

میتۆدی فۆرمالیستی ڕووسی یەکێکە لە گرنگترین و کاریگەرترین ڕێبازە ڕەخنەییەکانی سەدەی بیستەم کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم، دیاریکراو لە ساڵی ١٩١٥ دا، لە ڕووسیا سەریهەڵدا. ئەم ڕێبازە بەرهەمی کاری دوو گروپی زمانەوانی و ئەدەبی بوو: بازنەی زمانەوانی مۆسکۆ و کۆمەڵەی توێژینەوەی زمانی شیعری (أوپویاز / OPOIAZ) کە زۆربەی ئەندامەکانیان لە قوتابیانی زانکۆ پێکهاتبوون. فۆرمالیستەکان بۆ یەکەمجار هەوڵیاندا توێژینەوەی ئەدەبی بە شێوەیەکی زانستی ئەنجام بدەن و تایبەتمەندییەکانی دەقی ئەدەبی بەدەر لە بابەتە دەرەکییەکانی وەک مێژوو، کۆمەڵناسی و دەروونناسی دەستنیشان بکەن. ئەم بزاڤە لە سییەکانی سەدەی بیستەم بەهۆی گوشارە سیاسییەکانی سەردەمی ستالین و بڵاوبوونەوەی بیری مارکسیزم، کۆتایی پێهات، بەڵام کاریگەرییەکانی لەسەر ڕێبازە ڕەخنەییەکانی دواتر وەک بونیادگەری، ڕەخنەی نوێ بەردەوام ماوەتەوە. (سەرەتا ڕەخنەی ئەدەبی ڕوسی ، لەسەدەی نۆزدەهەم چەکێک بووبەدەست لیبرالییەکان و دواتریش بەدەست ئۆپۆزسیۆنی شۆڕشگێر دژی سیستەمی قەیسەری.) (ویلک،٢٠٠٠؛ ١٩٩)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەخنەی ئەدەبی ڕووسی پێش سەرهەڵدانی فۆرمالیزم، زیاتر ئامرازێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی بوو نەک میتۆدێکی زانستی. لەبەر ئەوە، فۆرمالیستەکان هەوڵیاندا ڕەخنەی ئەدەبی بۆ بوارێکی سەربەخۆی زانستی بگۆڕن کە تیشک بخاتە سەر خودی دەقەکە نەک فاکتەرە دەرەکییەکانی. فۆرمالیست دەقی ئەدەبی وەک دیاردەیەکی زمانی سەربەخۆ دەبینێت، بەگوێرەی فۆرمالیستەکان، ئەوەی دەقێک دەکاتە ئەدەب نە ژیانی نووسەر و نە باری دەروونی و نە پاشخانە کۆمەڵایەتییەکەیەتی، بەڵکو تەنها شێوازی داڕشتن و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە لە دەق .( وەک ئیخنباوم دەڵێ "ئێمە لە لێکۆڵینەوەکانمان باسی مەسەلەی ژیاننامەو باری دەروونی پەیوەست بە داهێنان ناکەین، وە جەختیش لەوە دەکەینەوە کە ئەم بابەتانە گرنگ و ئاڵۆزن لەهەمان کاتدا، بەڵام دەبێ شوێنییان لە زانستی دیکەدا بۆ بدۆزرێتەوە"، ئەوەی ناسنامە بە ئەدەبی دەقێک دەبەخشێت ، فۆرم و شێوازی داڕشتن و ڕۆڵی زمانە لە دەقێکی ئەدەبییدا.)(رایس، ٢٠١٨، ١١). ناونانی ئەم بزاڤە بە "فۆرمالیستی" لە لایەن نەیارەکانیانەوە بوو، وەک هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی بایەخی کارەکانیان. ئەم ناوەیان وەک تانە بۆ بەکارهێنان بە مەبەستی ئەوەی بڵێن ئەم ڕەخنەگرانە تەنها گرنگی بە فۆرم دەدەن و ناوەڕۆک فەرامۆش دەکەن. کەچی فۆرمالیستەکان خۆیان پێیان وابوو کە فۆرم و ناوەڕۆک لێک جیاناکرێنەوە، ئیخنباوم دەڵێت: (پێمان دەڵێن فۆرمالیست، بەڵام وا دروستتر بوو کەڵکیان لە مۆرفۆلۆژی وەرگرتبا) (ئەحمەدی، ٢٠٠٤؛ ٥٢).

ئەم وتەیە ئاماژەیە بەوەی کە فۆرمالیستەکان خۆیان ڕەزامەند نەبوون بە ناولێنانیان بەم ناوە. وشەی "مۆرفۆلۆژی" بە بڕوای خۆیان دروستتر بوو، چونکە باشتر گوزارشتی لە کارەکەیان دەکرد کە تەنها گرنگیدان بە فۆرم نەبوو، بەڵکو لێکۆڵینەوە بوو لە سیستەمی پێکهاتەیی دەق و چۆنیەتی کارکردنی بەشەکانی لەگەڵ یەکتردا. بە وردبوونەوە لە بەکارهێنانی زاراوەی "فۆرمالیزم" لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، دەبینین چەندین بەدیلی جیاواز بۆ ئەم زاراوەیە پێشنیاز کراون. شاهۆ سەعید لە وەرگێڕانی وتارێکی ئێدمۆند فێڵدمان زاراوەی "شێوەگەری" بەکارهێناوە (سەعید، ٢٠٢٠، ١٩٤). د. بەختیار سەجادی لە فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەییدا دوو بەدیلی پێشنیاز کردووە: "شێوەیی-خوازی" و "ڕوخساری-خوازی"، و لە بەرامبەر فارسیدا "صورت گرایی" و "شکل گرایی" بەکارهێناوە (سەجادی، ٢٠٢٢، ٢٠٤). هەروەها د. فوئاد ڕەشید

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زاراوەی "فۆرمخوازە ڕووسەکان"ی بەکارهێناوە (ڕەشید، ٢٠٠٥، ٥٥). سەرەڕای ئەم هەوڵانە، زۆربەی نووسەرانی کورد لە بەشی زۆری نووسینەکانیاندا هەر زاراوەی "فۆرمالیزم"یان بەکارهێناوە.

## 2.1 ڕابەرانی بزاڤەکە:

میتۆدی فۆرمالیستی ڕووسی لەسەر دەستی کۆمەڵێک لە زمانەوان و ڕەخنەگری گەنج دامەزرا کە هەریەکەیان بەشدارییەکی گرنگیان لە داڕشتنی بناغەی تیۆری و پراکتیکی ئەم ڕێبازەدا هەبوو. لە گرنگترین ئەم پێشەنگانە:

١. **ڕۆمان ئۆسیبۆڤیچ یاکۆبسن (١٨٩٦-١٩٨٢):** لە مۆسکۆ لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر لەدایکبووە. دامەزرێنەری بازنەی زمانەوانی مۆسکۆ (١٩١٥-١٩٢٠) (یاکوبسن، ١٩٨٨: ٢-٣)

٢. **بۆریس میکایۆڤیچ ئیخنباوم (١٨٨٦-١٩٥٩):"** یەکێک لە ڕابەرە هەر گرنگەکانی فۆرمالیزم بوو. گرنگی زۆری بە مێژووی ئەدەبی ڕووسی دەدا، گرنگەکان هەژمار دەکرێت. خاوەنی چەندین بەرهەمی گرنگە وەک: "انا اخماتۆفا" (١٩٢٣)، "مێژووی شیعری لیریکی ڕووسی" (١٩٢٢)، " (حمداوی، ٢٠٢٢، ١٣).

٣. **ڤیکتۆر شکلۆڤیسکی (١٨٩٣-١٩٨٤):** دامەزرێنەری کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی زمانی شیعری لە سانپترسبۆرگ و لە گرنگترین تیۆریستەکانی فۆرمالیزم. (شکلۆڤیسکی، ١٩٨٦: ٩٧).

٤. **یوری نیکۆلاڤیچ تینیانۆڤ (١٨٩٤-١٩٤٣** وەک یەکێک لە داهێنەرترین بیرمەندەکانی بزووتنەوەی فۆرمالیستی ڕووسی دەرکەوت. تەنها تیۆریداڕێژەری ئەدەبی نەبووە، بەڵکو ڕۆماننووس و سیناریۆنووسێکی پڕبەرهەم بوو. ( Tynyanov، 2019، 1-5). وە چەندانیتریش. ئەوەی جێگەی باسە، کە ("لە نێوان ئەندامانی بزاڤی فۆرمالیزمدا جیاوازی بیروڕا هەبوو، بەڵام گیانی هاوکاری و کاری پێکەوەیی باڵی کێشابوو. ئامانجی هاوبەشیان خولقاندنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

'زانستی ئەدەب' بوو. بۆیان دەرکەوتبوو هەوڵەکانیان کارێکی مێژووییە کە ڕێڕەوی ڕەخنەی ئەدەبی دەگۆڕێت).(عون، ٢٠١٤، ٦٥-٦٦).

## 3.1 سەرچاوە مەعریفییەکانی فۆرمالیزم:

بزاڤی فۆرمالیزمی ڕووسی لە ژێر کاریگەری چەندین سەرچاوەی مەعریفی جیاواز پێکهات. ڕێنیە وێلیک لە کتێبی "هێرش بۆ سەر ئەدەب"دا لەم بارەیەوە دەڵێت: "هیچ تیۆرێک نییە لە ئاسمانەوە کەوتبێتە خوارەوە و بانگەشەی ڕەسەنایەتی خۆی بکات" (رينيه ويليک، ٢٠٠٠، ٢١٥). یەکێک لە گرنگترین سەرچاوە کاریگەرەکان، فەلسەفەی ئەڵمانی بوو. ((وەک لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی بیستەم 'جێرمینسکی' ئاماژە بەوە دەکات کە چوارچێوەی بزاڤی فۆرمالیزم بۆ زمانی شیعریی، جوانیناسی کانتە")) (تۆدۆرۆف، ١٩٩٦، ٢٨). هەروەها، ڕێبازە ئەدەبییەکانی نموونەی ڕێبازی داهاتووخوازی ڕووسی (فیوچەریزم)، کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو. ئەوە داهاتووخوازەکان بوون کە (پاڵنەری یەکەم و بەهێزی جولاندنی بزاڤی فۆرمالیزم بوون، ئیلهامیان پێبەخشیون لە هەندێک مەسەلەی فیکری بە تایبەتی لەبارەی ڕەتکردنەوەی هێماگەری و ڕیالیزمەکان، پێیان وابوو کە ئەدەب ئاوێنەی واقیع نییە، بەڵکو دووبارە دارشتنەوەی زمانە بە شێوەیەکی ئیستاتیکی)(سلدن، ١٩٩٨، ٢٦-٢٧).

سەرچاوەیەکی مەعریفی گرنگی دیکە، زمانەوانی نوێ بوو. (تێڕوانینەکانی دی سۆسێر لە بواری زانستی زماندا کە کاریگەری هەبووە لەسەر فۆرمالیستەکانی رووسیا، ئەمەش لە تێڕوانینەکانی یاکۆبسن سەبارەت بە شیعریەت ڕەنگی داوەتەوە، کە وەک بەشێک لە بواری زانستی زمان دایناوە) (ئیگلتن، ٢٠١٦، ٢٢٤). لەگەڵ ئەوەی کاریگەری ڕەوت و بزاڤ و کەسایەتییەکانی باسکران لەسەر فۆرمالیستەکان سەلمێنراوە و نکۆڵی لێناکرێت، بەڵام (ئەوەی ڕەسەنایەتی بنەما تیۆرییەکانی ئەوانی دەردەخست، ئەوەبوو کە توانییان ئەو بنەمایانە ڕێکبخەن بەر لەوانیتر و بەکاریان بهێنن بە شێوەیەکی تۆکمە لە چوارچێوەی زاراوەی پێویست بەو بنەمایانە) (عون، ٢٠١٤، ٥٨).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 4.1 بنەماکانی بزاڤی فۆرمالیزمی ڕووسی

فۆرمالیزم بزاڤێکی ڕەخنەی ئەدەبی بوو لە سەرەتای سەدەی بیستەم، کە هەوڵیدا لە ئەدەب وەک سیستمێکی سەربەخۆ بکۆڵێتەوە، دوور لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و ئایدیۆلۆژی. لە گرنگترین بنەماکانی:

#### 1.4.1 شێوە (فۆڕم):

فۆرمالیستەکان گرنگییەکی زۆریان بە فۆرم دەدا، تەنانەت ناونانەکەشیان لەلایەن نەیارانیانەوە لەسەر ئەم بنەمایە بوو. ئیخنباوم لە وتاری "تیۆری پەیرەوی فۆرمالیزم"دا دەڵێت: (فۆرمالیستەکان توانییان خۆیان لە پەیوەندی تەقلیدی ناوەڕۆک/شێوە(فۆڕم)، و هەژمار کردنی فۆڕم وەکو بەرگێک یان دەفرێک بۆ لەخۆگرتنی ناوەڕۆک ڕزگار بکەن)(مجموعة من المؤلفين، ١٩٨٢، ٤٠-٤١). بەهەمان شێوە یوری تنیانۆڤ لە وتاری "چەمکی بنیاتنان"دا دەڵێ: (ئێمە بەم دواییانە وازمان لەو پێوانە بەناوبانگەی فۆرم: ناوەرۆک = پیاڵە: شەراب هێنا. پێویستە فۆرمی دەقی ئەدەبی وەکو فۆرمێکی دینامیکی هەستی پێبکرێت. یەکێتی دەقی ئەدەبی قەوارەیەکی داخراو نییە، بەڵکو یەکگرتنێکی دینامیکییە کە ڕێڕەوی تایبەتی خۆی هەیە) (هەمان سەرچاوە، ٧٧).

فۆرمالیستەکان توانییان ئەو دیدگا تەقلیدییە بۆ جوانیی تێپەڕێنن، کە بەر لەوان هەبوو. بەلای فۆرمالیستەکانەوە درککردن بە جوانی ئەدەبی یان هونەریی خۆی تەنها لە چوارچێوەی ماناو و ناوەڕۆک نابینێتەوە، لەمەوە بەشێکی زۆری مەسەلەی درکپێکردن بەجوانییان بەستەوە بە فۆرمەوە. بەم شێوە فۆرمالیستەکان بەهای جوانیی فۆرمیان خستە ڕوو لە کاری ئەدەبییدا و فۆرم تەنها ئامرازێک نییە، بەڵکو ئەرکێکی سەربەخۆ و ئیستاتیکی هەیە. فۆرمالیستەکان گرنگیان بە مەسەلە کۆنکرێتی (ملموس)ەکان لە ئەدەبدا دەدا. لەم تێڕوانینە دژە میتافیزیکییەوە، زمان و ئاخاوتن وەک ئامراز، کردارەکان جێبەجێدەکەن. بەم پێیە دوالیزمی تەقلیدی (ناوەڕۆک-شێوە)یان هەڵوەشاندەوە، چونکە پێیان وابوو پرۆسەی ئەدەبی دەکاتە دوو قۆناغی جیاکراو، لەبری ئەوە دوانەی (کەرەستە–ئامراز)یان داهێنا. کەرەستە، مادەی خاوی ئەدەبە وەک زمان و بابەت، ئامرازیش ئەو هۆکارە هونەرییانەن کە بەهای ئیستاتیکی دەبەخشن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەمجۆرە بەرهەمی ئەدەبی وەک یەکەیەکی ئۆرگانی تەماشا دەکرا و چەمکی "بونیاد"یان پێ باشتر بوو لە "فۆرم"، چونکە گوزارشتی لە ئاوێتەبوونی توخمە ئەدەبییەکان دەکرد (عون، ٢٠١٤، ٧).

ئەمە جگە لەوەی فۆرمالیستەکان پێیان وایە فۆرم توخمێکی چالاکە لە بەرهەمهێنانی مانادا. (فۆرمالیستەکان دوالیزمی شێوە و ناوەرۆکیان تێپەڕاند، فۆرمیان بە نیشانەی دەلالەت و نوێنەری مانا دەزانی. لە ڕێگەی فۆرمەوە، مانای بنیاتنراوی دەق دەردەکەوێت)(حمداوي، ٢٠٢٢؛ ١١). شێوازی ڕێکخستنی وشەکان، دابەشکردنی ڕستەکان لەناو دەقدا، و هەڵبژاردنی دەربڕینی کورت یان درێژ بڕیاری هەڕەمەکی نین، بەڵکو ڕۆڵێکی ڕاستەوخۆ دەگێڕن لە بەرهەمهێنانی مانای تایبەت کە لە ئاستی ڕاستەوخۆی قسەکردندا ناکرێت هەستی پێبکرێت.

### 2.4.1 ئەدەبیبوونی دەق:

ئیخنباوم دەڵێت: (فۆرمالیزم سیستمێکی ئامادەکراو نییە، بەڵکو کۆمەڵە بنەمایەکە کە لەڕێگەی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان پەرەی سەندووە) (مجموعة من المؤلفين، ١٩٨٢، ٣٠). فۆرمالیستەکان میتۆدە دەرەکییەکانیان ڕەتکردەوە و هەوڵیاندا زانستێکی سەربەخۆی بۆ ئەدەب دابمەزرێنن، نەک میتۆدێکی قاڵبدراو. ئیخنباوم ئاماژە بەوە دەدات: (میتۆدی فۆرمالیزم سنووری میتۆدی بڕی و بووە بە زانستێکی سەربەخۆ کە بابەتی ئەو زانستە ئەدەبە)(هەمان سەرچاوە، ٣١). وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، فۆرمالیستەکان هەوڵیان دەدا زانستێکی سەربەخۆ بۆ ئەدەب دروست بکەن. بابەتی ئەم زانستە، بەپێی وتە بەناوبانگەکەی ڕۆمان یاکۆبسن لە کتێبی "شیعری هاوچەرخی ڕووسی"دا: (بابەتی زانستی ئەدەبیی، ئەدەب نییە بەڵکو ئەدەبیبوونە. واتا ئەوەی بەرهەمێکی دیاریکراو دەکاتە بەرهەمێکی ئەدەبیی، بەدواداچوونی لێکۆڵەران بۆ بنەما ناجەوهەرییەکان ڕەتدەکاتەوە) (سلدن، ٢٠٠٦، ٣٧) . یاکۆبسن ڕەخنە لە میتۆدە تەقلیدییەکان دەگرێت کە سەرنجیان لەسەر لایەنە ناجەوهەرییەکانی ئەدەب چڕ کردووەتەوە، بەڵام یاکۆبسن خۆی جەخت لەسەر گرنگیی لێکۆڵینەوە لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی دەکاتەوە. بە بۆچوونی یاکۆبسن، ئەو خەسڵەتانەی کە دەقێکی ئەدەبی جیا دەکەنەوە (خۆی لە توێژینەوەی تەواوی زمانی دەقدا دەبینێتەوە، وەک کێش، سەروا، بونیاد، بونیادی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەنگی، دووبارە بوونەوەو بابەتی تریشدا بەرجەستە دەکات، بە شێوەیەک کە زمان لە بواری چوارچێوەی ڕۆژانەدا بۆ بواری ئەدەبی دەگوێزرێتەوە، ئەمەیش خۆی لە کارتێکردن و سەرسوڕماندا بەرجەستە دەکات). (بەرزنجی، ٢٠٢٤، ٤٠). بەپێی تێڕوانینی فۆرمالیستەکان، بۆ جیاکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبیی لە بەرهەمی نا ئەدەبیی، پێوەری تەقلیدی ڕەتدەکەنەوە، (ئەدەبیبوون لەو بابەت و ناوەڕۆک و ئەو واقیعەی نووسەر دەیەوێ بیخاتە ڕوو یاخود ئەو کێشەیەی دەیەوێ چارەسەری بکا نابیننەوە، بەڵکو چۆنییەتی پیشاندانی ئەو بابەتانەیە کە ئەدەب چۆن دەیانخاتە ڕوو بە جۆرێک بەرهەمەکە ئەدەبیی بێت). (ئێرلیخ، ٢٠٠٠، ١٦). هەژمار کردنی زمان وەک کەرستەی سەرەکی ئەدەب، یەکێک بوو لە تێزە سەرەکییەکانی کاری فۆرمالیزم. شکلۆڤیسکی لە کتێبی (ئەدەب و سینەما)دا دەڵێت: (لام ڕوون بووەوتەوە کە وشەکان، کەرەستەیەک نین بۆ گوزارشتکردن لە شتەکان لەدەست نووسەردا، بەڵکو کەرەستەی سەرەکیی کارەکەین. ئەدەب لە وشە پێکدێت و هەمان ئەو یاسایانە بەسەر ئەدەبدا حوکم دەکەن، بەسەر زمانیشدا حوکم دەکەن). (بەرزنجی، ٢٠٢٠، ٣٠٠)

ئەوەی لێرەدا زمان و ئەدەبییات کۆدەکاتەوە ئەرکی ئەدەبیی زمانە. هەڵبەت زمان ئەرکی جۆراو جۆری هەیە، یاکۆبسن پێی وایە،کە بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیمان هەبێ لەسەر ئەو ئەرکانەی زمان، پێویستە وێنەیەکی پوختکراومان هەبێ لەسەر هەموو ئەو هۆکارانەی کە لەهەر پرۆسەیەکی زامانەوانی و پەیوەندییەکی زمانییدا هەن. یاکۆبسن سیستەمێکی دۆزییەوە بۆ شیکردنەوەی پرۆسەی پەیوەندی کە لە شەش توخمی بنەڕەتی پێکهاتووە. ئەم توخمانە نێرەر و وەرگر و پەیام و سیاق و کۆد و کەناڵی پەیوەندی دەگرێتەوە. گرنگی ئەم سیستەمە لەوەدایە کە هەر توخمێک پەیوەندی بە ئەرکێکی زمانی تایبەتەوە هەیە. یاکۆبسن ئەم پرۆسەیە لە هێڵکارییەکدا پیشان دەدات کە تیایدا (نێرەر پەیامێک ئاراستەی وەرگر دەکات، پەیامەکە لە کۆمەڵێک کۆد و هێما پێک هاتووە، کە لە نێوان نێرەر و وەرگردا هاوبەشە و هەردوکیان دەتوانن لێی تێبگەن، ئەم ئاراستە کردنە لە ڕێگەی کەناڵێکی پەیوەندیی مادیی و فیکری-دەروونییەوە دەبێت، کە دواجار پێویستی بە کۆنتێستێکە لە میانییەوە وەرگر بتوانێت لەناوەڕۆکی پەیامەکە تێبگات). (ڕۆستەم، ٢٠٢٤، ٢٣) بەپێی ئەم تیۆرییە، کاتێک جەخت لەسەر هەر یەکێک لەم شەش توخمە دەکرێتەوە، ئەرکێکی زمانی جیاواز بەرهەم دەهێنرێت. (یاکۆبسن، ١٩٨٨، ٢٧)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یاکۆبسن لە تیۆری پەیوەندیدا شەش ئەرکی سەرەکی زمانی دیاری کردووە، کە بەپێی سەرنجدان لەسەر توخمەکانی پەیوەندی پەیوەندی دروست دەبن. ئەو ئەرکانە بریتین لە: ئەرکی دەربڕینخوازی (کاتێک سەرنج لەسەر پەیامدەرە)، ئەرکی تێگەیاندن (کاتێک سەرنج لەسەر پەیامگرە)، ئەرکی سەرچاوەیی (کاتێک سەرنج لەسەر سیاقە)، ئەرکی ئاگادارکردنەوە (کاتێک سەرنج لەسەر پەیوەندییە)، ئەرکی میتازمانی (کاتێک سەرنج لەسەر کۆدە)، ئەرکی ئەدەبی/شیعری (کاتێک سەرنج لەسەر پەیامە).

یاکۆبسن ڕوونی دەکاتەوە، کە (ناکرێ لێکۆڵینەوەی زمانی شیعری تەنها لە ئەرکی ئەدەبیی زمان کورت بکرێتەوە، بەڵکو تایبەتمەندییە جیاوازەکانی ژانرە ئەدەبییەکان، لە پاڵ باڵا دەستی ئەرکی ئەدەبی، پێویستی بە بەشداریکردنی ئەرکەکانیتری زمانە، بۆ نموونە لە شیعری داستانی، کەسی سێیەم چەقی بابەتەکەیە بۆیە بوار بۆ بەشداری ئەرکی گەڕانەوەیی دەڕەخسێنێت. ئاراستەی شیعری لیریکی بەرەو کەسەی یەکەمە، ئەرکی دەربڕینیی بەشداری دەکات لە لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا. سەبارەت بە ئەرکی ئەدەبیی زمان، یاکۆبسن پرسیارێکی گرنگ دەوروژێنێ ئەویش ئەوەیە کە (چۆن و بە چ پێوەرێک، بە شێوەیەکی ئەزموونی (تجریبي)، لە ناو دەقێکدا ئەرکی ئەدەبیی دیاری دەکەین؟) لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا، یاکۆبسن پێی وایە بۆ دیاریکردنی ئەرکی ئەدەبیی زمانی هەر دەقێک، پێویستە شیکردنەوە بۆ ئالییەتی ڕێکخستنی وشەکان بکرێت لە ڕێگەی (هەڵبژاردن و ڕۆنان)ەوە)(هەمان سەرچاوە، ٣٢)

### 3.4.1 جیاوازی نێوان زمانی شیعر و زمانی ڕۆژانە:

فۆرمالیستەکان جیاوازی دەکەن لە نێوان زمانی شیعریی و زمانی ئاسایی. ئیخنباوم و تینیانۆڤ پێیان وابوو کە زمانی شیعری سیستەمێکی واتایی سەربەخۆیە. ئیخنباوم جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە (وشە لە ناو شیعردا بە هەمان شێوەی وەک ئەوە وایە لەناو گوتاری قسەی ئاسایی دەرهێنراوەو خراوەتە ناو کەشێکی نوێی واتاییەوە، ئەمەش لە ڕێگەی پەیوەندی وشەکە بە زمانی شیعرییەوە و لەناو شیعرەکە مانایەکی نوی وەردەگرێت). (محمد، ٢٠١٩: ٣٦)، بەم شێوەیە وشە لە چوارچێوەی شیعردا دەبێتەخاوەنی ناسنامەیەکی نوێ ، کە جیاوازە لەو واتایەی لە زمانی ڕۆژانەدا. بەپێی بۆچوونی فۆرمالیستەکان، زمانی شیعریی بەپێچەوانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زمانی ڕۆژانە، مەبەستی گەیاندنی ئاشکرای زانیاری نییە، بەڵکو بەهاکەی لە ناڕوونی و واتا شاراوەکانیدایە.ماکارۆڤیسکی دەڵێت: "ئەو خەسلەتە سەرەکییەی زمانی شیعری لە زمانی پێوەر جیادەکاتەوە، خەسڵەتی لادانە. واتا ئەو لادانانەی کە لە یاساکانی زمانی پێوەر دەکرێت." (ماکاروفسکی، ١٩٨٤، ٤٠)، ڕوونیشی دەکاتەوە کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو زماندا هەیە، بەوەی کە زمانی پێوەر ئەو باکگراوندە پێکدەهێنێت کە لادانەکانی زمانی شیعری تێیدا دەردەکەون. بەواتایەکی تر، زمانی شیعری لە ڕێگای لادان و سەرپێچیکردن لە یاسا باوەکانی زمانی پێوەر خۆی دەردەخات..

### 4.1 .4:وێنەی شیعریی لە دیدی فۆرمالیستەکانەوە:

یەکێک لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی فۆرمالیزمی ڕووسی لەگەڵ قوتابخانە ڕەخنەییەکانی دیکە، دیدی ئەوان بوو بۆ چەمکی (وێنەی شیعریی). لە کاتێکدا قوتابخانەکانی دیکە ، شیعریان وەک هونەرێک دەبینی، کە لەسەر بنەمای وێنا کردنی وێنەی بینراو دامەزرابێت،بەڵکو دەکرێت لە ڕێگەی توخمە زمانییەکانی تری وەک کێش، ریتم، هاوسەنگی دەنگی و هیتر بەدەست بهێنرێت. (یەکێک لە گرنگترین یاساکانی سیمبولیستەکان واتا ئەم ڕایەی، "کە شیعر دەربڕینی هزرێک بە یارمەتی وێنەیە" دژایەتییان کرد. بناغەی ڕەخنەی ئەوان دەتوانین لە بەرهەمەکانی (گۆستاڤ شپت) بدۆزینەوە. کە فەیلەسووفێکی دیاردەناس بوو جەختی لەوە دەکردەوە کە وێنەی شاعیرانە، شتێکی پووچە؛ وێنەیەک نییە لەسەر تابلۆ یان کاغەزێک کێشرابێت، وێنە نییە تەنها دەربڕینێکی خوازەییە کە ناتوانی بیانبینی. شلۆڤیسکی بەدوای بیروڕاکانی گۆستاڤ شپت دەڵێت: (وشەی خوێن لە شیعرێکدا خوێناوی نییە، واتا لە خوێنی ڕاستەقینە پێک نەهاتووە، بەڵکو وشەیەکە کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی تایبەت بەخۆی هەیە و لە پەیوەندی هاونشینی لەتەک وشەکانیتردا، چەند واتای هەمەچەشن دەدۆزیتەوە، کاری ڕەخنەگر ناسینی ئەم بوونە ئەدەبییەی وشەیەو نەک دیاریکارییە فەرهەنگییەکانی). (ئەحمەدی، ٢٠٠٤: ٧٥) فۆرمالیستە ڕووسەکان بە شێوەیەکی بنەڕەتی دژی ئەو بیرۆکە باوە بوون کە شیعر پشت بە وێنەی شیعری دەبەستێت. ئەوان بۆچوونی پێشووی ڕەخنەگران و تیوردانەرانیان ڕەتکردەوە کە پێیان وابوو وێنەی شیعری جیاکەرەوەی سەرەکییە لە نێوان شیعر و پەخشان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(بەکارهێنانی خوازەو خواستن کۆڵەگەیەکی سەرەکی بوو لە پێناسە کردنی شیعردا لە لای شوێنکەوتوانی تیۆری لاساییکردنەوە و پێیان وابوو وێنەی شیعری ئەو بنەمایەیە کە گوتاری شیعری لە پەخشان جیادەکاتەوە، بەڵام فۆرمالیستەکان ئەم بیرۆکەیان ڕەتکردەوە، لەمبارەیەوە شلۆڤیسکی لە وتاری (هونەر وەکو ئامراز) دا ڕوونی کردووەتەوە کە وێنەی شیعریی لە وتاربێژیی و پەخشانی هونەرییش بوونیان هەیە. یاکۆبسنیش پێی وایە کە دەکرێت شیعر واز لە وێنەی شیعری بە مانا تەقلیدییەکەی بهێنێت و بەبێ ئەوەی هیچ لە جوانی و سەرنجڕاکێشی خۆی لەدەست بدات. ئەمەش لەرێگەی بەکارهێنانی تەکنیکە زمانییەکان و ریتم). (محمد، ٢٠١٩: ٣٤)، لەبڕی ئەوە، ئەوان پێیان وایە جوانی و کاریگەری شیعر لە ڕێگەی توخمە زمانییەکان وەک کێش، ریتم، هاوسەنگی دەنگی و ڕێکخستنی وشەکان بەدەست دێت. ئەوان وشە لە شیعردا وەک یەکەیەکی سەربەخۆ تەماشا دەکەن کە مانای تایبەت بە خۆی هەیە و لە واتا فەرهەنگییەکەی جیاوازە.

## 5.1 چەمک و زاراوە ڕەخنەییەکانیە فۆرمالیزمییەکان:

فۆرمالیستەکان ئەدەبیان وەک سیستمێکی سەربەخۆ دەبینی، نەک وەک ڕەنگدانەوەی واقیع. ئەوان زاراوە و چەمکی تایبەتیان داهێنا بۆ شیکردنەوەی دەق بە شێوەیەکی زانستی و دوور لە لێکدانەوەی کەسیی.

### 1.5.1 نائاشناسازی:

نائاشناسازی یەکێکە لەو زاراوە سەرەکیانەی کە فۆرمالیستەکان کاریان لەسەر کردووەو بەیەکێک لە بنەما گرنگەکانی دیدی ئەوان بۆ ئەدەب دەژمێردرێت.لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، چەندین وشە بۆ هەمان چەمک بەکارهاتوون وەک: نامۆکردن، نامۆبوون، لە ئاشنایی داماڵین، ئاشنایەتی سڕینەوە، ئاشنایی لادان، نائاسایی کردن، ناسیاوی سڕینەوە، بێگانەسازی، نامەئلوفکردن، نائاشناکردن. نەبوونی ڕێکەوتن لەسەر زاراوەیەکی دیاریکراو بۆ چەمکی "نائاشناسازی" لە ڕەخنەی کوردیدا، هەم کێشەیە و هەم دەرخەری زیندوویەتی کایەی ڕەخنەی کوردییە.ڕەنگە کێشەی ڕەخنەیی چەشنی ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی توێژەران دەبنەوە لە کاتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵبژاردنی زاراوەکان بۆ شیکردنەوەی دەقەکان، ئەم بارە پێویستیی ڕێککەوتن لەسەر زاراوەیەکی دیاریکراو، دەهێنێتە پێشەوە، بەڵام دەشتوانین لایەنێکی ئەرێنی لەو فرە زاراوەییە ببینین ، ئەویش زیندوویەتی کایەی ڕەخنەی کوردییە،کە چەندین بژاردە دەداتە بەر دەستی توێژەران. هەڵبژاردنی زاراوەی "نائاشناسازی" لە نێوان زاراوەکانی تر بەهۆی ئەوەیە، کە ڕوونتر ئەو بیرۆکەیە دەگەیەنێت. وەک برایانی بەرزنجی لە فەرهەنگی (کلیلدان) دەڵێن: ((نائاشناسازی لەپاڵ ڕوونی و ڕەوانییەکەیدا بە شێوەیەکی زیاتر مەبەستەکە دەگەیەنێت)). (بەرزنجی، ٢٠٢٤: ٤٩٧).

ڤیکتۆر شکلۆڤسکی بۆ یەکەمجار زاراوەی "نائاشناسازی" لە وتارێکی بەناوی (هونەر وەک تەکنیک) لە ساڵی ١٩١٧ دارشت.

شکلۆڤسکی نووسیویەتی: ((ئەگەر بە لێکۆڵینەوە لە یاسا گشتییەکانی درک پێکردن دەست پێبکەین، تێبینی ئەوە دەکەین، کە هەرچەندە درپێکردنێک ببێتە خوو، ئۆتۆماتیکیتر دەبێت. بۆ نموونە هەموو خووەکانمان دەکەونە ناو ناوچەی ئۆتۆماتیکی نائاگاوە. ئەگەر کەسێک هەستی خۆی بیر بکەوێتەوە، کاتێک بۆ یەکەمجار قەڵەمێک دەگرێت یان بۆ یەکەمجار بە زمانێکی بیانی قسە دەکات، و بەراوردی بکات بەو هەستەی کە لەجاری هەزارەهەمینی ئەنجامدانی هەمان کرداردا، ئەوا لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە هاوڕا دەبێت. ئەم ڕاهاتنە، ڕوونی دەکاتەوە کە ئێمە چۆن لە قسەی ئاسایی ڕۆژانەدا سەرنج نادەینە دەستەواژە ناتەواوەکان و هەندێک وشە بەجێدەهێڵین، یان بەشێکی دەردەبڕین. ئەم کردارە لە جەبردا بە شێوەیەکی نموونەی پەیڕەو دەکرێت، کە لەشوێنی ناوی شتەکان، هێما دادەنرێت. لە قسەکردنی خێراشدا وشەکان بەتەواوی دەرنابڕدرێن؛دەنگە سەرەتاییەکان بە دەگمەن دەبیسترێت)).(Shklovsky، 1965،3)

شکلۆڤسکی لە پێشەکییەکەیدا زەمینەی تێگەیشتن لە چەمکی "نائاشناسازی" دەڕەخسێنێت. بەردەوام دەبێت و دەنووسێت: ("ئەگەر ژیانی زۆرێک لە کەسەکان لە بێ ئاگایی بەردەوام بێت، ئەوا وەکو ئەوە وایە ئەو ژیانە هەرگیز بوونی نەبووبێت. کار و پۆشاک و کەلو پەلی ناوماڵ و هاوسەر و تەنانەت ترس لە جەنگیش بە هۆی دوبارە بوونەوەو بە خوو گرتنیەوە، بێمانا دەبن، بەڵام 'هونەر' بوونی هەیە، لەپێناو هەست کردن بە شتەکان و بەژیان. ئامانجی هونەر هەست کردنە بە شتەکان نەک ناسینی شتەکان. ئامانجی هونەر ئەوەیە شتەکان نائاشنا بکات، فۆرمەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قورستر بکات، پرۆسەی درکپێکردن درێژتر و ئاڵۆزتر بکاتەوە، چونکە تێگەیشتن خۆی لەخۆیدا ئەزمونێکی ئیستاتیکیە و دەبێت فراوان بکرێت"). (هەمان سەرچاوە،4). بە بۆچوونی شکلۆڤسکی، ئامانجی ئەدەبیات تەنها گەیاندنی مانا نییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، بەڵکو ورژاندنی هەستێکی نوێیە بەرامبەر بە شتەکانی دەوروبەر و ژیان. ئەمەش لە ڕێگەی دووبارە دۆزینەوە و ئاشنابوونەوە بە شتەکان دەبێت، بەڵام بە هۆشیارییەکی قووڵتر و درکپێکردنێکی درێژخایەنتر. شکلۆڤسکی نموونەی ڕۆمانی "خۆلستۆمەر"ی لیۆ تۆلستۆی دەهێنێتەوە، کە تێیدا گێڕەرەوە ئەسپێکە و ڕووداوەکان لە ڕوانگەی ئەسپەوە دەگێڕدرێنەوە نەک مرۆڤەوە. ئەم تەکنیکە وا دەکات خوێنەر بە شێوەیەکی نائاشنا و ناباو، شتەکان ببینێت. چەمکی "نائاشناسازی" پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوان خوێنەر و دەقدا دروست دەکات. وەک سی هول دەڵێت: ((نائاشنازی، ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکی تایبەت لەنێوان خوێنەر و دەق دا، ڕوانین لە ڕوانگەیەکی ئاساییەوە دوور دەخاتەوە، بەو مانایە دەبێتە توخمێکی پێکهاتەیی هەموو هونەرێک)). (سی هول، ١٩٩٢: ٣٢). فۆرمالیستەکان وەک بەشێک لە پێشەنگەکانی بواری ئەدەبیات، گرنگی زۆریان بە نوێبوونەوەی بەردەوامی ئەدەب لە ڕێگەی شکاندنی یاسا هونەرییەکان دەدا. لەبەر ئەوەی بایەخیان بە ئیستاتیکای ئەدەب دەدا، جیاوازییان وەک تێگەیشتن و درک کردن بە جوانی هونەری دەبینی. چەمکی جیاوازی لای فۆرمالیستەکان سێ لایەنی سەرەکی لەخۆی دەگرت کە ئەمانەن :١-لەسەر ئاستی نوێنەرایەتی کردنی واقیع، بە گۆڕانی داهێنەرانەی واقیع .٢-لەسەر ئاستی زمان، دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی زمانی ئاسایی .٣-لەسەر ئاستی ئەدەبییات بە گشتی،لادان لە پێوەرە باوەکان، یان گۆڕینییان.) (ایرلیخ،٢٠٠٠، ١٣٠) ئەو چەمکی جیاوازییە، جەوهەری نائاشناسازی دەردەخات، کە ئەدەب لە میانەی نائاشناساسییەوە،

### 2.5.1 بەرجەستەکردن:

ئەو جیاوازییەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێیدا و ڕوونمان کردەوە نائاشناسازی پایەیەکی گرنگی پێکدەهێنێت، پایەیەکیتری (بەرجەستەکردن)ە. (کە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی، بەتایبەتی لەشیعردا ڕۆڵی گرنگی خۆی دەبینێت. (هاورانک ) یەکێک بووە لەو فۆرمالیستانەی، کە باسی بەرجەستەکردنی ئەدەبیی دەکات و بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە باسی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

"ئۆتۆماتیکی" بوونی زمان دەکات.بەواتای بەکارهێنانی زمان بۆ مەبەستی دەربڕینێکی ئاسایی و دوور لەسەرنجراکێشان.کە ئەمە پێچەوانەی بەرجەستەکردنی زمانە واتا بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەک کە ببێتە هۆی سەرنج ڕاکێشان، بەڕای ماکارۆڤسکی، زمانی شیعر ئەوپەڕی بەرجەستەبوونی تێدایە.)(عەبدوڵلا،٢٠٠٨: ٤٠) (کە بەگوێرەی بیرو ڕای (لیچ) پرۆسەی بەرجەستەسازی لە ڕێگەی هەردوو پرۆسەی (لادان) و (زێدەکردنی ڕێسا) دێتە بەرهەم ،کە ئەمەی دواییان بە مەبەستی هاوتەریبی لەناو شیعردا ئەنجام دەدرێت.) (هەمان سەرچاوە ،٤٧).

## 3.5.1 ڕەگەزی زاڵ(عنصر المهيمن):

یەکێکی دیکەیە لە چەمکە گرنگەکانی فۆرمالیستەکان کە چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ دەستنیشانکردنی ژانرە ئەدەبییەکان دروست کرد. بەپێی بۆچوونی یاکۆبسن: (ڕەگەزی زاڵ توخمێکی سەرەکی هەموو کارێکی ئەدەبییە، چونکە ڕەگەزەکانی دیکەی دەقی ئەدەبی دیاری دەکات و دەیانگۆڕێت، جۆری دەقەکە لە ڕووی ژانریەتییەوە دیاری دەکات. هەژموونی بەسەر ڕەگەزەکانیتر دا هەیە. بۆ نموونە لە شیعردا تایبەتمەندی جۆری لە شیعردا بریتییە لە شێوەکەی. هەرچەندە شیعر چەمکێکی سادە نییە، بەڵکو خۆی لە خۆیدا سیستمێکە لە بەهاکان، لەناو ئەو بەهایانەشدا بەهای بەرز و نزم هەیە؛ لە نێو ئەو بەهایانەدا یەکێکیان زاڵە، کە بەبێ ئەو بەهایە لە چوارچێوەی سەردەمێکی دیاریکراودا و بە گوێرەی ئاراستەیەکی هونەری دیاریکراو) ناتوانرێ وەکو شیعر بژمێردرێت). (مجموعة من المؤلفين، ١٩٨٢: ٨١). ڕەگەزی زاڵ بەپێی سەردەم و قوتابخانە ئەدەبییەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. یاکۆبسن نموونەی شیعری چیکی سەدەی چواردەهەم دەهێنێتەوە کە تێیدا قافیە زۆر گرنگ بوو، بەڵام یەکسانی بڕگە نیشانەیەکی یەکلاکەرەوە نەبوو. لە بەرامبەردا، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا ئەم هاوکێشەیە پێچەوانە بووەوە. هەروەها یەکێک لە هونەرەکان دەتوانێت ببێتە ڕەگەزی زاڵ لەسەر هونەرەکانی تر لە سەردەمێکی دیاریکراودا، وەک مۆسیقا لە سەردەمی ڕۆمانتیکدا. (یاکوبسن، ٢٠٢٠: ١٣٢). لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا چەندین ڕەگەز بوونیان هەیە وەک ریتم، وێنەی شیعری، قافیە، شێوازی زمان. (هەندێک لەو ڕەگەزانە بەشی پێشەوەی (الصدارة) ی دەقەکە دیاری دەکەن و هەندێکیتریان لە بەشی دواوە (الخلفية) دەمێننەوە. هەر کاتێک یەکێک لە ڕەگەزەکان دەکشێتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دواوە، نموونەی (بەکارهێنانی واژەی کۆن)، ئەوا ڕەگەزی نموونەی (پلۆت، ریتم) بێنە پێشەوەو بنە ڕەگەزی زاڵ). (سلدن، ١٩٩٨: ٣٥). ڕەگەزی زاڵ ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە دیاریکردنی ناسنامەی ئەدەبیی هەر دەقێک. وەک شەفیعی کەدکەنی دەڵێت: ((هەر بابەتێکی زاڵ کە دێتە مەیدانی بەرهەمی ئەدەبییەوە، وەک هەتاوێک، تا ئەو کاتەی لە مەیدان و ناوەندی هاندادا دەبێ، تەوەری سەرەکی داهێنان دێتە ئەژمار)). (پەشابادی، ٢٠٢٢: ٣٧)

### 4.5.1 هاوتەریبی (التوازي):

یەکێکە لەو زاراوە گرنگە ڕەخنەییانەی، کە فۆرمالیستەکان لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیاندا گرنگییان پێداوە. فۆرمالیستەکان بایەخێکی بەرچاویان دەدایە مەسەلە زمانیی و هونەرییەکان لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا.هاوتەریبی یەکێک بوو لەو زاراوانەی لە میانەیەوە چەمکە تیۆرییەکانی خۆیان دەربارەی چەند بابەتێکی نموونەی (ریتم و هاوسەنگی) ناو دەقی ئەدەبی خستە ڕوو. لە ڕەخنەی کوردیدا، جگە لە زاراوەی "هاوتەریبی"، چەند زاراوەیەکی دیکەش بۆ هەمان مەبەست بەکارهاتوون. عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵلا زاراوەی "هاوسەنگی" بەکارهێناوە (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ١٠٦). هەروەها ئەنوەر قادر محەمەد زاراوەی "تەریبییەت"ی بەکارهێناوە لە کتێبی "لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی" (محەمەد، ٢٠١٨: ٥٦٣). پوختەی: یاکۆبسن گرنگییەکی زۆری بە بابەتی هاوتەریبی داوە. ئەو لە یەکێک لە دیمانەکانیدا دەڵێت: ((بابەتی هاوتەریبی کۆتایی پێ نەهاتووە، پێم وانییە لە ماوەی ژیانی زانستیمدا هیچ بابەتێک هێندەی هاوتەریبی سەرنجی ڕاکێشابم)). (یاکۆبسن، ١٩٨٨: ١٠٤). بەرجەستە کردنی ئەدەبی لە ئەنجامی هەردوو پرۆسەی لادان و زیادکردنی ڕێسا ئەنجام دەدرێت. (هەرچی لادانە لەسەر بنەمای واتایی دەبێت و کار لە سیستمی واتایی زمان دەکات و تێکی دەدات، بەڵام زیادکردنی ڕێسا کە بۆ مەبەستی هاوسەنگییە کار لەڕووی دەرەوەی زمان دەکات پتر جوانکاری و یاریکردنە بە وشە. بە واتای زیادکردنی هەندێ ڕێسا لەسەر ڕێساکانی زمانی ئۆتۆماتیک و کارکردن لەدەرەوەی زمان. ئەم ڕێسایانەش کە دەبنە هۆی هاوتەریبی بریتییە لە جۆرەکانی دووبارە کردنەوە هەر ئەم دووبارە کردنەوانەش کە ئەنجام دەدرێن دەبنە هۆی دروستبوونی مۆسیقای شیعرەکە). (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ٤٧). یاکۆبسن لە وتاری "زمانەوانی و شیعرییەت"دا،

هاوتەریبی بەسەر دوو جۆردا دابەش دەکات: هاوتەریبیی ئاشکرا و ڕوون، و هاوتەریبیی گواستنەوەیی.

لێکۆڵەران ئەم پۆلێنەی یاکۆبسن بەم شێوەیە دارشتووەتەوە:١. هاوتەریبی دەنگیی ٢- هاوتەریبیی زمانیی (نادەنگیی) ,ئەمەش پێکدێت لە :أ-هاوتەریبیی ڕێزمانی .ب-هاوتەریبیی واتایی. (ڕۆستەم، ٢٠٢٤: ٧٠).

## 6.1 کۆتایی هاتنی بزاڤەکە:

سەرەڕای کاریگەری و گرنگیی بزاڤی فۆرمالیزمی ڕووسی لەسەر نوێکردنەوەی لێکۆڵینەوە لە کایەی ڕەخنەی ئەدەبیدا، بەڵام تەمەنی بزاڤەکەکورت بوو. فۆرمالیستەکان لە ساڵی ١٩١٥ دەرکەوتن و لە بیستەکانی سەدەی بیستەم گەیشتنە ترۆپک، بەڵام زۆری نەخایاند. (لە ساڵی ١٩٣٢ لێژنەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی یەکیتی سۆڤییەت، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم کۆمەڵە ئەدەبییەکانی دەرکرد). (تادییە، ١٩٩٣: ٢٢). هۆکاری سەرەکی لەناوچوونی بزاڤەکە سیاسی و ئایدیۆلۆژی بوو. ((ئەم بزوتنەوەیە، لەسەردەمی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، کە لەو سەردەمە ئەدەب پێی لەسەر ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانە دادەگرت سەریهەڵدا، بۆیە دەسەڵات کەوتە سەرکوتکردنیان و هەوڵی پەرتەوازەکردنی دان، لە ئەنجامی ئەم سەرکوتکردنە فیکرییەدا، هەندێکیان تووشی ئەشکەنجەدان بوون و هەندێکیشیان ئاوارە بوون و لە تاراوگەدا پەرەیان بە بۆچوونەکانییان دا و کاریگەرییان لەسەر سەرهەڵدانی بونیادگەری و چەند ڕەوتێکی تر هەبوو)). (بەرزنجی، ٢٠٢٤، ٣٧٦). فۆرمالیستەکان بەهۆی پێداگرییان لەسەر لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و دوورکەوتنەوە لە واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی، تووشی ڕەخنەی زۆر بوونەوە. لیۆن ترۆتسکی یەکێک بوو لەو کەسانەی کە ڕەخنەی توندی ئاراستەی بزاڤەکە کرد. جگە لە نەیارانی سیاسی، فۆرمالیستەکان ڕووبەڕووی ڕەخنەی تیۆری و ئاکادیمیش بوونەوە. ژولیا کرستیڤا لە وتاری "باختین: دامەزرێنەری پۆست-فۆرمالیزم" پێی وایە ڕەخنەی کۆمەڵناسان: (هەندێ لە کۆمەڵناسان ڕەخنەی ئەوەیان لە فۆرمالیزم دەگرت کە بۆچی خۆی لە بەستێنی زمان دا قەتیس دەکات؟) (باختین،٢٠٠٨، ٣٢). لەگەڵ ئەوەی ڕووبەڕووی دژایەتی کردن بوونەوەو چالاکی بزاڤەکە ڕووی لەکەمی کرد و لە کۆتاییشدا بە تەواوی کارەکانییان لە ناوەخۆی ڕووسیا قەدەغە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کرا، بەڵام (بیرۆکەکانییان لە ڕۆژئاوای ئەوروپا لەساڵانی شەستەکان ، لەلایەن توێژەرانی ئەوێوە پێشوازیی لێکرا.) (حمداوي،٢٠٢٢، ١٣). بەم شێوەیە ئەزموونی فۆرمالیستە ڕووسەکان دەسەلمێنێت کە بیرۆکە زانستییە ڕەسەنەکان توانای مانەوە و بڵاوبوونەوەیان هەیە تەنانەت ئەگەر لە ژینگەی یەکەمیاندا ڕووبەڕووی سەرکوت و قەدەغەکردن ببنەوە.

## 2. بزاڤی فۆرمالیزم لە ڕەخنەی کوردیدا

سەرەڕای ئەوەی مێژووی سەرهەڵدانی بزاڤی فۆرمالیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بەڵام دەرکەوتنی لە گوتاری ڕەخنەی شیعری کوردیدا درەنگ کەوتووە.
دوو هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم درەنگکەوتنە هەن:
١ -زاڵبوونی میتۆدەکانی دەرەوەی دەق وەک میتۆدە کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژی و مێژوویی دەروونییەکان بەسەر ڕەخنەی شیعری کوردییەوە. ٢ -دەگمەنی یان نەبوونی وەرگێڕانی ڕاستەوخۆی کارە تایبەت یان هاوبەشەکانی تیۆریستانی بزاڤەکە بۆ زمانی کوردی. ئەم هۆکارانە وایان کردووە ڕەخنەگران و توێژەرانی کورد ناچار بن لە ڕێگەی زمانی دووەم یان سێیەمەوە بگەنە سەرچاوەکان، یان لە ڕێگەی بەشێک یان چەند دێڕێک لە سەرچاوەی تر، ئاشنای چەمک و بنەماکانی فۆرمالیزم ببن. ئەمەش بەربەستێکی مەعریفییە لەبەردەم تێگەیشتنێکی دروست و قوڵ لە بنەماکانی فۆرمالیزم.

**1.2 :شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی کتێبی (خوین دهمبێزا بەفریّ دا): ئەم کتێبە " لە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن "نزار سەلمان"ەوە نووسراوە و لە لایەن چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر چاپ و بڵاو کراوەتەوە. لە ١٤٢ لاپەڕە پێکهاتووە، لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەکادیمی پێشکەش کراوە و شیعرەکانی "موئەیەد تەیب" بە نموونە وەرگیراون. کتێبەکە پێکهاتووە لە سێ بەش: بەشی یەکەم، روخسار لە شیعری کوردیدا؛ بەشی دووەم، ڕوخساری دەرەکی لە شیعرەکانی موئەیەد تەیب؛ بەشی سێیەم، ڕوخساری ناوەکی لە شیعرەکانی موئەیەد تەیب. لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمک و جۆرەکانی روخسار لە شیعری کوردیدا دەکات. ئەو باس لەوە دەکات کە شیعر لە دوو لایەن پێکدێت: روخسار و ناوەرۆک، کە هیچ دەقێکی شیعری**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم دوو لایەنە بەدەر نییە. چەمکی روخسار لە دیدی نزار ، لە چوارچێوەی دووالیزمی تەقلیدی نێوان روخسار و ناوەرۆکە، کە ئەمە پێچەوانەی ناوەڕۆکی تیۆری فۆرمالیستی ڕوسییە. فۆرمالیستەکان ڕوخساریان بەرامبەر بە ناوەرۆک نەبینیوە، بەڵکو پێیان وابووە ناوەرۆک بەرهەمی خودی روخسارە، و پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی دیالەکتیکی ئاڵۆزە. نووسەر دێتە سەر باسی گرنگیی روخسار بە پێی ڕێبازە ئەدەبییەکان نموونەی کلاسیک کە چەندە گرنگیان بە ڕوخسار داوەو دواتر ئەم گرنگیپێدانە لە ڕێبازەکانیدی بەرەو کاڵ بوونەوە چووە. نزار پەیوەندی نێوان روخسار و ناوەرۆک لە شیعری کوردیدا لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە نیشان دەدات، بەدواداچوون بۆ گەشەکردنی ئەم پەیوەندییە لە شیعری کلاسیکەوە تا شیعری نوێ دەکات. ئەم بەدواداچوونە خاڵێکی ئەرێنییە لە توێژینەوەکەدا، کە تێگەیشتن لە چوارچێوەی مێژوویی گەشەکردنی شیعری کوردی دەردەخات، بەڵام کێشەی سەرەکی لەوتێگەیشتنەدایە،کە بۆ پەیوەندی نێوان روخسار و ناوەرۆک دەیخاتە ڕوو. نزار دەڵێت ((روخسار و ناڤەروک هەردووک پێکڤە بەرهەمێ خورستی دئافرینن))(ئورمانی،٢٠٠٤، ٢٤)، واتە روخسار و ناوەرۆک وەک دوو توخمی هاوتەریب یەکسان دەکات. ئەم دیدە پێچەوانەی ڕێبازی فۆرمالیزمە. نزار هەوڵی داوە بیروڕای ڕەخنەگرانی جیاواز دەربارەی پەیوەندی نێوان روخسار و ناوەرۆک بهێنێتەوە، وەک "هارولد ئەزبورن" و "دەبلیو. پی. کەر"، ئەمەش نیشانی دەدات ئاگاداری سەرچاوەی جۆراوجۆرە، بەڵام جیاوازی نەخستووەتە نێوان ئەم بیروڕایانە و دیدی فۆرمالیستەکان. ئاماژە بە جیاوازی نێوان بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە زمانی ئاسایی و زمانی ئەدەبیدا دەدات. لە زمانی ئاساییدا، واتای شێوە دەدات، بەڵام وەک زاراوەیەکی ئەدەبی، مەبەست لێی ڕەگەز و پێکهاتە هونەرییەکانی شیعرە. لێرە هەوڵی داوە پەیوەندی بە یەکێک لە بنەماکانی فۆرمالیزمی ڕووسی بکات، واتە جیاوازی نێوان زمانی ئاسایی و زمانی ئەدەبیی. ئەمە خاڵێکی بەهێزە لە توێژینەوەکەیدا، چونکە فۆرمالیستەکان جەختیان لەسەر تایبەتمەندی زمانی ئەدەبی کردووەتەوە، بەڵام لێرەدا تێگەیشتنی نزار بۆ ئەم جیاوازییە، فۆرمالیستی نییە. کاتێک دەڵێت: (د زمانێ ئاساییدا، ڕامانا شێوە یان سیما دەتن، لێ ئەگەر ئەم ڤێ پەیڤێ وەکو زاراوەکی تورەیی بکاربینن، دێ ڕامانا ڕەگەز و پێکهاتێن هونەرییێن هۆزانێ دەتن). (ئورمانی،٢٠٠٤، ١٧).زاراوەیەکی ئەدەبی، ئەو تەنها ئاماژە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**بە جیاوازی لە ئاستی واتادا دەکات، بەڵام جیاوازی قووڵتری ئەرکی ئەدەبی زمان لە دەق ناخاتە ڕوو.نزار سەرەڕای ئاماژەکردن بە جیاوازی زمانی ئاسایی و ئەدەبی، ناچێتە ناو ئەم لایەنە گرنگەی تیۆری فۆرمالیستی .لەبارەی پێناسەی ڕوخساریشەوە دوای هێنانەوەی چەند پێناسەیەکی نووسەرانیدی، خۆیشی روخسار بە بەرگێکی هونەری پێناسە دەکات. ئەم پێناسەیەی نزار بۆ ڕوخسار وەک "بەرگێکی هونەری"** لەئاست تێگەیشتنی فۆرمالیستەکان، **کەمێک سادەیە. ئەوان فۆرمیان وەک سیستەمێکی ئاڵۆز و بەرهەمهێن دەبینی، نەک تەنها بەرگێک.**

**وێناکردنی ڕوخسار وەک "بەرگ" واتای ئەوەیە کە ناوەڕۆک و فۆرم دوو شتی جیاوازن - ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی فۆرمالیستەکانە کە پێیان وابوو فۆرم و ناوەڕۆک لێک جیاناکرێنەوە. نزار سەلمان بە پشت بەستن بە بۆچوونی "د. موحەمەد بەکر"، روخسار بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکات : ١- ڕووخساری دەرەکی: ڕیتمی دەرەکی، ڕیتمی ناوەکی، سەروا ٢-ڕووخساری ناوەکی: زمانی شیعر، وێنەی شیعریی. پشتی بە بۆچوونی کەسانی تر بەستووە وەک "د. موحەمەد بەکر" بۆ دابەشکردنەکەی، نەک ڕاستەوخۆ بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە سەرەکییەکانی فۆرمالیزمی ڕوسی. نزار لە باسکردنی شیعری نوێی کوردی لە هەردوو لایەنی روخسار و ناوەرۆکەوە نوێبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە. باسی ڕۆڵی چەند شاعیرێک دەکات نموونەی "ڕەحیمی هەکاری"** ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە شکاندنی تۆپۆگرافیای شیعری کلاسیکی کوردی و ساڵی 1918 چەندین شیعری نوێی بڵاوکردووەتەوە. ئینجا دێتە سەر باسی ئەو گۆڕانکارییانەی لە هەریەک لە لایەنی کێش، ڕیتم ، سەروا، زمان و وێنەی شیعری، خاڵبەندی بەسەر شیعری کوردیدا هاتووە. باس کردنی ڕۆڵی شاعیری وەک **"ڕەحیمی هەکاری" لە شکاندنی تۆپۆگرافیای شیعری کلاسیکی کوردی خاڵێکی ئەرێنییە و نزیکە لە چەمکی "نائاشناسازی" لای فۆرمالیستەکان، بەڵام ناوی ئەو زاراوەیەی نەهێناوەو نەیبەستوەتەوە بە دیدی فۆرمالیستەکانەوە.**

**لە بەشی دووەمدا، ڕووخساری دەرەکی، کە شیعرەکانی موئەیەد تەیب دەخاتە ڕوو. ئەم بەشە بە سێ تەوەری سەرەکی دابەش دەکات: ڕیتمی دەرەکی، ڕیتمی ناوەکی و سەروا.**

**لە تەوەری ڕیتمی دەرەکیدا، نووسەر پێناسەی ڕیتم دەخاتە ڕوو ، کە ڕیتم بریتییە لە ئەو هەستی جوڵە کە لە ئەنجامی ڕێکخستنی برگە بەهێز و بێهێزەکان پەیدا دەبێت. ڕیتمی دەرەکی ئەو جۆرە ڕیتمەیە کە لە کێش و سەروای شیعردا دەردەکەوێت. موئەیەد تەیب لە شیعرەکانیدا دوو جۆر کێش بەکار دەهێنێت: کێشە سادەکان (٢ بڕگەیی، ٤ بڕگەیی، ٥ بڕگەیی) و کێشە لێکدراوەکان کە لە یەکەکانی ڕیتمی (٣ بڕگەیی، ٤ بڕگەیی، ٥ بڕگەیی) پێکدێن. لە شیعرەکانی موئەیەد تەیبدا، کێشی ٤ بڕگەیی سادە زۆر بەربڵاوە بەڵام کێشی ٣ بڕگەیی سادە بەدی ناکرێت. ڕیتمی ناوەکیش لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی فۆنیم، وشە، ڕستە هاوتەریبەکان دروست دەبێت کە کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر مۆسیقای ناوەکی شیعر هەیە. گرنگیدانی نزار بە پێناسەی ڕیتم و دابەشکردنی بۆ ڕیتمی دەرەکی و ناوەکی نیشانەی ئەوەیە کە ئەو هەوڵی داوە لە هەندێک لایەنی گرنگی شیعر بکۆڵێتەوە، وەک فۆرمالیستەکان کە زۆر گرنگیان بە ڕیتم دەدا. لێکۆڵینەوەی نزار لە بارەی کێشی شیعری موئەیەد تەیب و دابەشکردنی بۆ کێشە سادەکان (٢ بڕگەیی، ٤ بڕگەیی، ٥ بڕگەیی) و کێشە لێکدراوەکان هەنگاوێکی باشە، بەڵام پێویست بوو پەیوەندی نێوان ئەم کێشانە و مانا یان کاریگەرییان لەسەر دەق ڕوون بکاتەوە، چونکە فۆرمالیستەکان تەنها بە پۆلێنکردن نەدەوەستان. باسکردنی ڕیتمی ناوەکی لە ڕێگەی دووبارەکردنەوەی فۆنیم، وشە و ڕستە هاوتەریبەکان خاڵێکی زۆر باشە و نزیکە لە بیرۆکەی پاراڵێلیزم (هاوتەریبی)، کە یاکۆبسۆن لەسەری نووسیبوو. هەرچەند لە هاوتەریبی و نائاشناسازی نزیک بووەتەوە، بەڵام بە ڕاستەوخۆ ناوی ئەو چەمکانەی نەهێناوە، ئەمەش وا دەکات خوێنەر نەزانێت ئەم شیکارییانە پشت بە کام تیۆری فۆرمالیستی دەبەستن. بە گشتی، لەم بەشەدا نزار زۆرتر لە بەشی یەکەم هەوڵی داوە لە چەمکەکانی فۆرمالیزم نزیک ببێتەوە، بەتایبەتی لە باسی ڕیتم و هاوتەریبیدا. بەڵام هێشتا پێویستی بە قووڵبوونەوەی زیاتر هەبوو لە پەیوەندی نێوان ئەم تەکنیکانە و ئەدەبیبوونی دەقەکاندا.** وەک یاکۆبسن لە وتاری (شیعری ڕێزمان و ڕێزمانی شیعر)دا ڕوونی دەکاتەوە، کە چۆن ڕەگەزە فۆرمییەکانی دەقێ هاوشێوەی کێش ، سەروا، ڕیتم و هاوتەریبی لە بەستێنی ئەرکی ئەدەبیی زماندا، زمان لە ئەرکی گواستنەوەی مانا دەگوازنەوە بۆ ئاستی خولقاندنی بەرهەمی ئەدەبیی، بە کاریگەری و بەشدارییان لە خولقاندنی نا ئاشناسازی " **و دەڵێت:**

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**"هۆنراوە یەکەیەکی تەواوی جیانەکراوە، کە هەر توخمێکی تێدا مانای هەیە و کارلێک دەکات لەگەڵ توخمەکانی تردا. "** (یاکوبسن،١٩٨٨، ٧٩-٨٠)

**لە بەشی سێیەمدا، کە تایبەتە بە ڕوخساری ناوەکی لە شیعرەکانی موئەیەد تەیبدا، کە دابەش دەبێت بەسەر: ١-زمانی شیعر ٢-وێنەی شیعریی، لە بەشی زمانی شیعردا، نزار پێناسەی زمان دەکات وەک "ڕێگایەک یان هەر شتێک کە بیرێک لە جێگایەکەوە دەگوازێتەوە بۆ جێگایەکی تر، جا ئەو گواستنەوەیە چ بە ڕێگای 'دەنگ، ڕەنگ، هێما' بێت". زمان دەبێتە ڕێگایەک بۆ پەیوەندیکردن لە ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا.**

نووسەر جیاوازی نێوان زمانی ئاسایی و زمانی ئەدەبی ڕوون دەکاتەوە، ئاماژە بە بۆچوونی تزڤێتان تۆدۆرۆڤ دەکات کە دەڵێت: "زمانێ ئاسایی دهێتە بکارئینان ژ بۆ ڤەگوهاستنا بیرەکێ یان هۆشەکێ یانژی پەیوەندی کرنا دناڤبەرا مروڤاندا، واتا زمان لڤێرە رێکەکە نە مەبەستەکە، بەلێ سەنگیا زمانی دناڤ وی بخۆدا هەیە، ئەو ژبۆ خوە مەبەستە بڤێ چەندێ دێ زمانێ هۆزانێ یێ سەربەخۆبیت)) (ئورمانی، ٢٠٠٤، ٧٦).بۆ گواستنەوەی بیرێک یان هۆشێک یان پەیوەندیکردن لە نێوان مرۆڤەکاندا، واتە زمان لێرەدا ڕێگایەکە نەک مەبەستێک؛ بەڵام جوانی زمان لە خۆیدایە، ئەو خۆی مەبەستە، بەم شێوەیە زمانی شیعر دەبێتە سەربەخۆ." .نزار سەلمان لە بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا، زمانی شیعری وەک بەشێک لەڕوخساری ناوەکی هەژمار دەکات. جەختکردنەوەی لەسەر جیاوازی نێوان زمانی ئاسایی و ئەدەبی خاڵێکی بەهێزە و نزیکە لەدیدی فۆرمالیستەکان، بەتایبەت کاتێک بۆچوونی تۆدۆرۆف دەهێنێتەوە کە "جوانی زمان لە خۆیدا هەیە" و "زمانی شیعر سەربەخۆیە". ئەم تێڕوانینە نزیکە لە ڕێبازی فۆرمالیستی ،کە پێی وایە زمان بۆ خۆی جێی سەرنجە، بەڵام کاتێک نزار پێناسەی تایبەتی خۆی دەخاتە ڕوو: (زمانێ هۆزانێ ئەو ئالاڤە ددەستی هۆزانڤانێ دا، کو برێکا وی ڤەژەنا بویەرێن ژیانێ دناڤ دەروون و ئاشوبێ خوەدا ب تەرز و شێوازەکی هونەری دەردبریت و خویا دکەت) (ئورمانی، ٢٠٠٤، ٨٠)، **لە فۆرمالیزم دوور دەکەوێتەوە. ئەم تێڕوانینە زمان وەک ئامرازی دەربڕینی ناخی شاعیر دەبینێت، نەک وەک ئەوەی، فۆرمالیستەکان پێیان وابوو کە سیستمێکی سەربەخۆیەو ئامرازی سەرەکی ئەدەبییەتە. نزار سێ جۆر لادان لە شیعری موئەیەد تەیبدا دەستنیشان دەکات کە دەکرێت وەک هەوڵێکی باش بۆ شیکردنەوەی زمانی شیعری ببینرێت.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**سینتاکسی: وەک تێکدانی سیستەمی ڕستە و هێنانی کار بۆ پێشەوە لە نموونەی "من ڤەشێرن، ل کوێین چیایەکێ بەفرین..." کە لە ڕێزمانی ستانداردی کوردیدا دەبێت کار لە کۆتایی ڕستەدا بێت.**

**سیمانتیکی: وەک لە گوزارەی "ئەز نە کوڕێ ئادەمی مە!" و "نەژادێ من بەفرە" کە شاعیر واتای ئاسایی وشەکان دەشکێنێت و بە مەجازی بەکاریان دەهێنێت.**

**لادانی دەنگی: وەک لە گۆڕینی "بهێلە" بۆ "بێلە" کە دەنگی "ە" لادراوە.**

ئەم شیکارییە میتۆدییە لایەنێکی بەهێزی توێژینەوەکەیە، بەڵام کەموکوڕی سەرەکی لەوەدایە کە نزار پەیوەندی ئەم لادانانە بە چەمکە سەرەکییەکانی فۆرمالیستی وەک "نائاشناسازی" و "ئەدەبییبوون" ڕوون ناکاتەوە. فۆرمالیستەکان پێیان وابوو ئەم لادانانە دەبنە هۆی تازەکردنەوەی هەستی خوێنەر، کەچی ئەم ڕەهەندە گرنگە لە توێژینەوەکەی نزاردا فەرامۆش کراوە. نزار سەلمان لێکۆڵینەوەیەکی وردی لە شێوازی برینی دێڕەکانی شیعر و بەکارهێنانی خاڵبەندی لە شیعری موئەیەد تەیبدا کردووە، وەک نموونەی بەکارهێنانی تاکە فۆنیمی "ل" لە دێڕێکی جیاوازدا. ئەو توانیویەتی پەیوەندی نێوان فۆرمی بینراوی شیعر و ناوەڕۆکی سیاسی بخاتە ڕوو، وەک هێماکردنی "عەمێ گوزێ" بۆ سەرکردەی پێشمەرگە. دووبارە نزار پەیوەندی ئەم تەکنیکە فۆرمیيانە بە چەمکە سەرەکییەکانی فۆرمالیزم وەک "نائاشناسازی" ڕوون ناکاتەوە. هەروەها ئەو زیاتر بایەخ بە لایەنی واتایی و ناوەڕۆکی سیاسی دەدات تا خودی میکانیزمی زمان و چۆنیەتی کارکردنی، کە فۆرمالیستەکان بە ناوەندی لێکۆڵینەوەیان دادەنا . لە توێژینەوەکەدا خاڵبەندی وەک یەکێک لە سیما گرنگەکانی شیعری نوێ و سەربەستی کوردی دەناسێنێت. ئاماژە بەوە دەکات کە موئەیەد تەیب خاڵبەندی بە شێوەیەکی جوان و ڕێکوپێک لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە کە دەبێتە هۆی خوێندنەوەیەکی ڕاست و دروستی شیعر.

نزار سەلمان چەند جۆرێکی سەرەکی خاڵبەندی لە شیعری موئەیەد تەیبدا دەستنیشان دەکات:
١.خاڵ (.): بۆ نیشاندانی تەواوبوونی واتای ڕستەکان. ٢ . کۆما (،): وەک لە نموونەی "من خۆ بۆ بەرناتە جەماندی؛ بەریەری عەشقاتە خاندی، دارا تۆمێدا هەراندی" - مەبەستی شاعیر لە بەکارهێنانی کۆما نزیککردنەوە هەندێک قسەیە و پەیداکردنی ڕاوەستانێک....هیتر. نزار توانیویەتی ڕۆڵی خاڵبەندی لە دروستکردنی واتا و ڕێکخستنی خوێندنەوەی شیعردا ڕوون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکاتەوە، بەڵام لە ڕوانگەی فۆرمالیستی، دیسان کەموکوڕی لەم بەشەدا هەیە و وەکو میکانیزمێک بۆ "نائاشناسازی" یان " ئەدەبییەت' باسی ناکات. نزار سەلمان بەشێکی گرنگی توێژینەوەکەی بۆ شیکردنەوەی وێنەی شیعری تەرخان کردووە. ئەو سەرەتا پێناسەی جیاواز لە س.دی. لویس و موحسین قۆچانی دەهێنێتەوە، دواتر پێناسەی خۆی دەخاتە ڕوو: "وێنێ هۆزانی ئەو کەڤالە یێ کو هەست و سۆز و ئاشوب ی هۆزانڤانی ب وێنە دناڤ دا دهێتە بەرجەستەکرن کو دەربرینێ ژ سەرەدەری و بەرکارێ -رد فعل- وی دکەن هەمبەر پێلێن ژیانا جڤاکی )(ئورمانی، هەمان سەرجاوە، ١٠٨). پاشان وێنەی شیعری لە چەند ڕوانگەوە دابەش دەکات: لە ڕووی دروستکرنەوە (سادە، لێکدراو، ئاویتە)، لە ڕووی بزاڤەوە (جێگیر، جووڵاو)، و لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە (لێکچواندن، خوازە، خواستن و درکەیی). بۆ هەر جۆرێک، نموونەی ڕوون لە شیعری موئەیەد تەیب دەهێنێتەوە، وەک "پرچا خویا وەکی بەفری" بۆ لێکچواندن و "شێرێت کەلا مە" بۆ خوازە.

سەرەڕای ئەم دابەشکردنە میتۆدییە، کێشەی گەورەی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە نزار لەم بەشەدا پشت بە ڕەخنەگرانی دەرەوەی بزاڤی فۆرمالیزم دەبەستێت وەک (د.محمد بکر ، ئازاد عەبدولواحید ،جەمال غەمبار ، د. نصرت عبدالهادي و کەریم شارەزا)، هیچ پێناسەیەک لە پێشەنگانی فۆرمالیزمی ڕووسی ناهێنێتەوە. هەروەها، پەیوەندی وێنەی شیعری بە چەمکە ڕەخنەییە فۆرمالیستییەکان ڕوون ناکاتەوە، کە لای شکلۆفسکی، وێنەی شیعری ئامرازێکە بۆ نامۆکردنی ڕوانینی ئاسایی و تازەکردنەوەی هەستی خوێنەر. لە بری ئەوە، پێناسەکەی نزار بۆ وێنەی شیعری زیاتر دەروونییە، نەک فۆرمالیستی، کە جەخت لەسەر "هەست و سۆز" دەکاتەوە، جگە لەوەی تێکەڵکردنی میتۆدی ڕەوانبێژی ڕۆژهەڵاتی و فۆرمالیزمی ڕووسی، کارەکەی لە بنەما سەرەکییەکانی فۆرمالیزم دوور خستووەتەوە، بەوەی وێنەی شیعری دابەش کردووە بۆ(وێنەی خوازە، وێنەی خواستن، وێنەی درکە)

**2-2:** شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی توێژینەوەی (تیۆرا ڕەخنا فۆرمالیستیا رۆسی:پێکهات و بنیات، پراکتیزەکرن لسەر هۆزانا-لێ لێ داینێ- یا ژارۆ دهوکی): توێژینەوەی ئەکادیمیە،. نزار سەلمان کە لە ژمارە ٤ ی ساڵی ٢٠١٧، لە گۆڤاری زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڵاوکراوەتەوە گۆڕانکاری لە مامەڵەکردنی نزار لەگەڵ ڕەخنەی فۆرمالیزمی بەدی دەکرێت. ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەم پاشخانێکی تیۆری دەربارەی ڕەخنەی فۆرمالیستی ڕووسی دەخاتە ڕوو، بەشی دووەم هەول دەدات ئەم تیۆرە بەسەر هۆزانی "لێ لی دایێ"ی شاعیر ژارۆ دهوکی پراکتیزە بکات. لە بەشی تیۆریدا سەرهەڵدانی فۆرمالیزمی ڕووسی لە سەرەتای سەدەی بیستەم، چیرۆکی ناونانی بزاڤەکە و بازنە پێکهێنەرەکانی بزاڤەکە دەخاتە ڕوو، لە بارەی بنەمای تیۆرەکە و بۆچوونی ڕەخنەگرانی تیۆرەکە بە پشت بەستن بە هێنانەوەی وتەی چەند ڕابەرێکی بزاڤەکە ، ئەم بەشە دەوڵەمەند دەکات ئەوەی جێی تێبینییە، نزار لە شوێنێک دا دەکەوێتە هەڵەوە کە دەنووسێت: (( لدەڤ فۆرمالیستێن ڕۆسی، فۆرم دبیتە بەرگی ناڤەرۆکێ)) (طاهر، ٢٠١٧، ٨٨٤) ئەم بۆچوونەی نزار، کە لە ڕاستیدا بۆچوونی خۆی نییە بەڵکو لە نووسەرێکی ترەوە وەریگرتووە - ناتەواوە، چونکە فۆرمالیستەکان فۆرم وەک ڕەگەزی سەرەکی دەق دەبینن، نەک تەنها وەک بەرگێک بۆ ناوەرۆک. دواتر نزار ئاماژە بە بایەخدانی فۆرمالیستەکان بە زمانی دەقی ئەدەبیش دەکات. ئەو دەنووسێت کە فۆرمالیستەکان یەکەم کەس بوون کە فۆرمی زمانیان وەک ئامرازێکی ڕەخنەیی بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی بەکارهێنا. ئەوان جیاوازییان دەخستە نێوان زمانی ڕۆژانە و زمانی دەقی ئەدەبی.

لە درێژەی ئەم بەشەدا، نزار باس لە چەمکی " "نائاشناسازی (Defamiliarization) "دەکات کە یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی تیۆری فۆرمالیستی ڕووسی و لە لایەن ڤیکتۆر شکلۆڤسکیەوە پێشکەش کراوە. نزار بە پشت بەستن بە گوتەی ڕۆمان یاکۆبسن ڕوونی دەکاتەوە کە "بابەتی زانستی ئەدەبی، نە ئەدەبیاتە، بەڵکو ئەدەبییەتە، واتە ئەو فاکتەرانەی کە دەق دەکەنە دەقێکی ئەدەبی".(طاهر، ٢٠١٧، ٨٨٣) ئەمەش تەوەرێکی گرنگی تیۆری فۆرمالیستی ڕووسییە کە لە توێژینەوەکەدا بە باشی خراوەتە ڕوو. لە بەشی پراکتیکیدا، نزار لەبەشی پراکتیکی توێژینەوەکەیدا، کە هەوڵ دەدات بنەما ڕەخنەییەکانی فۆرمالیزم لەسەر هۆزانی "لێ لێ دایێ" پیادە بکات. بۆ نموونە، لە شیکردنەوەی فۆرمی دەرەکی شیعرەکەدا، دەست بە شیکردنەوەی ڕیتمی دەرەکی دەکات و پیشان دەدات کە شیعرەکە کێشی دیاریکراوی نییە و یەکسانی بڕگە لە نێوان دیرەکانیدا نییە. وە ڕوونی دەکاتەوە کە هەر سێ یەکەی ڕیتمی (٣، ٤، و ٥ بڕگەیی) لە زمانی کوردیدا، لەم شیعرەدا بەرجەستە بوون، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی یەکەی ڕیتمی ٤

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بڕگەیی زاڵە بەسەر هەموو دەقەکەدا. لە بەشی ڕیتمی دەرەکی تویژینەوەکەیدا، دوای شیکردنەوەی کێش و ڕیتم، دێتە سەر باسی سەروا لە هۆزانی "لێ لێ دایێ". ئەو شیکردنەوەیەکی ورد بۆ سیستەمی سەروا لە هۆزانەکەدا دەخاتە ڕوو، بە شێوەیەک کە تیایدا سەروا لە چەند ڕوویەکەوە پۆلین دەکات. ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی دەنگەکانی سەروای ئەم هۆزانە ڤاولن وەک (ی، ێ، و). بە بڕوای ئەو، ئەم هەمە ڕەنگییەی سەروا بووەتە هۆی ئەوەی کە هۆزانڤان بتوانێت زیاتر ئەو وشانە هەڵبژێرێت کە مەبەستی ئەو پێ کامڵ دەبێت. هەروەها جۆری دەنگە ڤاولەکان، کە لە سەرجەم تۆپۆگرافیای هۆزانەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە، پەیوەندییان بە ناوەڕۆکی هۆزانەکەوە هەیە کە تێمایەکی خەمگینی تێدایە. پێشمەرگە وەک دیالۆگێکی وەسیەتکردن بە شەهیدبوونی خۆی دەگێڕێتەوە، و ئەم جۆرە بابەتە خەمگینانە پێویستیان بە ڕیتمێکی ئارام هەیە.

پاشان نزار سەلمان دێتە سەر باسی ڕیتمی ناوەکی، کە بە قووڵی لێکۆڵینەوە لە دووبارەبوونەوەی فۆنیم، وشە و ڕستە دەکات. سەبارەت بە دووبارەبوونەوەی فۆنیم لە ئاستی ئاسۆییدا، نزار ئاماژە بە دووبارەبوونەوەی دەنگەکانی (ێ، و، ی، ی، ا، ک، ش، خ، د، ر، ن) دەکات و پێی وایە کە ئەم دووبارەبوونەوەیە پەیوەندی بە دەلالەتی وشە سەرەکییەکانی هۆزانەکەوە هەیە وەک (پێشمەرگە، وەڵات، کوردستان، خەبات، شەهید). هەوڵی داوە پەیوەندی نێوان لایەنی فۆرمی و ناوەڕۆکی دەقەکە بخاتە ڕوو، کە ئەمەش نیشاندەری تێگەیشتنی ئەوە بۆ بەشێک لە بنەماکانی تیۆری فۆرمالیزم، هەرچەندە پێویستە زیاتر بە ڕوونی پەیوەندی شیکردنەوەکانی بە تیۆرەکەوە بخاتە ڕوو. نزار لە بارەی دووبارە بوونەوەی وشەو ڕستە لە شیعرەکەدا دواوە بەڵام ئەوەی جێی تێبینییە ، کە وەک پێویست نەپرژاوەتە سەر باسکردنی چەمکی هاوتەریبی ، نزار لە شیکردنەوەی هۆزانی "لێ لێ دایێ"، ئاماژە بە دووبارەبوونەوەی ڕستەی "تەڤ هەزارێت وەلاتێ خو" لە دوو ڕێزی کۆتایی هۆزانەکەدا دەکات و دەڵێت ئەمە "ڕستەیەکی هەڤتەریب" یان "ڕستەیەکی هاوتەریب"ە، بەڵام بە قووڵی لەم چەمکە ناکۆڵێتەوە و پەیوەندی بە کاریگەری ئەدەبی دەقەکەوە ڕوون ناکاتەوە. لە ئەنجامی توژینەوەکەشدا چەند خاڵێک جێی سەرنجن بۆ نموونە: سەرەڕای ئەوەی نزار ئاماژەی بە پەیوەندی نێوان فۆرم و ناوەڕۆک کردووە، بەڵام ئەنجامەکانی بە چەمکە سەرەکییەکانی فۆرمالیزم وەک نائاشناسازی و "ئەدەبییەت" و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

"هاوتەریبی" نەبەستووەتەوە. پێویست بوو ڕوونی بکاتەوە کە چۆن ئەم چەمکانە لە دەقی شیعری بەرجەستە بوون. لە ئەنجامی پێنجەمدا، نزار سەلمان لێکدانەوەیەک بۆ پەیامی هۆزانڤان بۆ دوژمن دەخاتە ڕوو، کە ئەم لێکدانەوەیە زیاتر پشت بە خوێندنەوەیەکی خودی دەبەستێت تا شیکردنەوەیەکی بنیاتگەری ورد بۆ دەقەکە. ڕێبازی فۆرمالیزمی ڕووسی جەخت لەسەر ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەق دەکاتەوە، نەک پەیامەکانی. تێبینی دەکرێت کە نزار سەلمان حوکمدانێکی ئەرێنی لە هەڵسەنگاندنی هۆزانەکەدا دەخاتە ڕوو، وەک دانانی "فۆرمێ ناڤەکیێ هۆزانێ زێدەتر ئەکتیڤیا خوە ژ بۆ بەرجەستەکرنا دەلالەتا ڤەشارتیا هۆزانێ کریە"، ئەمەش حوکمدانە کە ئەمە لە شێوازی کاری ڕەخنەیی فۆرمالیستەکان دوورە. لە بارەی هەڵبژاردنی دەقەکەش، بارگاوییەکی سیاسی و نیشتمانی ڕوونی هەیە، و ئەمە لەوانەیە وا لە توێژەر بکات زیاتر مەیلی بەلای ناوەڕۆکدا هەبێت تا فۆرم، کە ئەمە تا ڕادەیەک لای نزار لە هەندێک شوێنی شیکردنەوەکەیدا ڕوویداوە.

## 3-2:بەراوردی هەروو کارەکە:

کاری دووەمی نزار سەلمان (٢٠١٧) پێشکەوتنێکی بەرچاو نیشان دەدات، بەراورد بە کاری یەکەمی (٢٠٠٤) لە تێگەیشتن و پراکتیزەکردنی تیۆری فۆرمالیزمی ڕووسیدا. لە کاری یەکەمدا، نزار فۆرم وەک "بەرگێکی هونەری" بۆ ناوەڕۆک پێناسە دەکرد، بەڵام لە کاری دووەمدا سەرەڕای نووسینەوەی هەمان دەستەواژە لە شوێنێک دا بەڵام فۆرم و ناوەڕۆکی وەک یەکەیەکی جیانەکراوە بینیوە. کاری دووەم پشتی بە سەرچاوەی سەرەکی و وتەی ڕاستەوخۆی فۆرمالیستەکان بەستووە و چوارچێوەیەکی تیۆری دروستتر و وردتری هەیە. میتۆدی شیکردنەوەش لە ناڕێکخراوەوە بەرەو زانستی و سیستماتیک گۆڕاوە. سەرەڕای کەموکوڕی لە بەکارهێنانی چەمکی "هاوتەریبی" و "نائاشناسازی"، کاری دووەم کەسایەتی ڕەخنەگرێکی پێگەیشتووتر پیشان دەدات کە شێوازە تەقلیدییەکانی تێپەڕاندووە. یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی کاری یەکەمی نزار ئەوەیە، کە ئەو دانی پێدا دەنێت، کە کارەکەی لەسەر بنەمای تیۆری فۆرمالیستی داڕێژراوە، بەڵام ئەم بانگەشەیە دروست نییە. تەنها لەبەر ئەوەی جەخت لەسەر لایەنە فۆرمییەکان دەکاتەوە. بەڵام کاتێک سەیری پێناسەکانی بۆ فۆرم و گرنگی و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆرەکانی دەکەین، دەبینین کە ئەو چەمکانەی بە پێی بۆچوونە نا-فۆرمالیزمییەکان پێناسە کردوون. هەروەها لە بەشی پراکتیکیدا، کاتێک شیکردنەوە بۆ شیعرەکانی موئەیەد تەیب دەکات، تەنها باسی لایەنە فۆرمییەکان دەکات . ئەو تەنها لیستێکی لایەنە فۆرمییەکان (وەک ڕیتم، قافیە، وێنە شیعرییەکان) پێشکەش دەکات بێ ئەوەی لە چوارچێوەی تێگەیشتنی فۆرمالیستی بۆ لایەنە فۆرمیانە چۆنیەتی ڕوون بکاتەوە.

## 1-3 ئەنجام

١- لە بەراوردی نێوان کاری یەکەم و دووەمی نزار سەلماندا، پەرەسەندنێکی ئەرینی لە تێگەیشتن و پراکتیزەکردنی تیۆری فۆرمالیستی ڕووسی بەدی دەکرێت.

٢ .کاری یەکەم پشتی بە سەرچاوەی دووەم بەستووە، لە کاتێکدا کاری دووەم پشتی بە سەرچاوەی سەرەکی و وتەی ڕاستەخۆی دامەزرێنەران بەستووە، کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر قووڵی تێگەیشتنی بۆ سروشتی کاری بزڤەکە داناوە.

٣ .سەرەڕای پێشکەوتن لە تێگەیشتنی چەمکەکانی "ئەدەبییەت" و "نائاشناسازی"، هێشتا کەموکوڕی هەیە لە بەکارهێنانیان، چەمکی "هاوتەریبی" و چەند بنەمایەکیدی بزاڤەکە پشتگوێخراوە.

٤ . لە کاری دووەمدا پەیوەندی نێوان فۆرم و دەلالەت باشتر ڕوونکراوەتەوە.

٥ .هۆکارەکانی گرفتی تێگەیشتن و پراکتیزەکردن بە گشتی بریتین لە: نەبوونی وەرگێڕانی سەرچاوە ڕەسەنەکان، گرفتی زاراوە ڕەخنەییەکان.

## سەرچاوەکان:

### کتێب بە زمانی کوردی:

ئەحمەدی، بابەک (2004) *پێکهاتەو ڕاڤەی دەق* .هەولێر: چاپخانەی نما.

ئیگلتن، تێری .(2016) .*تیۆری ئەدەبی* (عەتا قەرەداغی، مترجم). سلێمانی: ناوەندی ئەندێشە.

ئورمانی، نزار، .(2004) *خوێن دەمبێزا بەفرێدا*، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

باختین، مئخائیل .(2008) .*سەدای وتووێژ، پێکەنین و ئازادی* (بەختیار سەجادی، مترجم). دەزگای موکریان.

بەرزنجی، ئازاد .(2020) .*چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی* .سلێمانی: دەزگای سەردەم.

بەرزنجی، عەبدوڵڵا، تاهیر .(2024) .*کلیلدان* .سلێمانی: دەزگای چاپی سەردەم.

ڕۆستەم، ئاری عوسمان .(2024) .*بنیاتی هاوتەریبی لەشیعری کوردیدا-بە نموونەی سالم و گۆران* . سلێمانی.

ڕەشید، فوئاد .(2005) .*ناسنامەی دەق* .کەرکوک: یەکێتی نووسەرانی کورد.

سەعید، شاهۆ .(2020) .*وشەو جوانی* .سلێمانی: چاپ و پەخشی سەردەم.

سەجادی، بەختیار .(2022) .*فەرهەنگی زاراوەی ڕەخنەیی* .هەولێر: ماڵی وەفایی.

عەبدوڵڵا، عەبدولسەلام نەجمەدین .(2008) .*شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە* . دهۆک: سپیرێز.

گۆڤاری کوردی:

یەشابادی، یەدوڵڵا. (2022). ڕەهەندەکانی کەسایەتی پێدان لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا .*گۆڤاری میزۆپۆتامیا، 6.*

طاهر، نزار سلمان. (2017). تیۆرا ڕەخنا فۆرمالیستیا رۆسی: پێکهات و بنیات، پراکتیزەکرن لسەر هۆزانا-لێ لێ داین- یا ژارۆ دهوکی .*گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی، یا زانکۆیا زاخۆ، 5*، 882-894.

### کتێب بە زمانی عەرەبی:

إيرليخ، ڤيكتور .(2000) .الشكلانية الروسية (محمد الولي، مترجم). دار البيضاء: الدار الثقافية العربية.

تادييه، جان إيف .(1993) .النقد الأدبي في القرن العشرين (قاسم مقداد، مترجم). دمشق: منشورات وزارة الثقافة.

تودوروف، تزفيتان .(1996) .نقد النقد رواية تعلم (سويدان، مترجم). بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.

حمداوي، جميل .(2022) .النظرية الشكلانية في الأدب والنقد والفن .المكتبة الشاملة.

سلدن، رامان .(1998) .النظرية الأدبية المعاصرة (جابر عصفور، مترجم). القاهرة: دار قباء للطباعة والنشر.

سلدن، رامان .(2006). *من الشكلانية إلى ما بعد البنيوية* (أمل قارئ وآخرون، مترجمون). القاهرة: المجلس الأعلى للثقافة.
سي هول، روبرت .(1992). *نظرية الاستقبال* (رعد جواد، مترجم). دار الحواء.
عون، سعاد .(2014). *شعرية السرد في قصص غادة السمان* .الجزائر.
مجموعة من المؤلفين .(1982). *نظرية المنهج الشكلي* (إبراهيم خطيب، مترجم). بيروت: مؤسسة الأبحاث العربية.
ويليك، رينيه .(2000). *الهجوم على الأدب* (حنا عبود، مترجم). دمشق: الأهالي للطباعة والنشر.
ياكوبسن، رومان .(1988). *قضايا الشعرية* (محمد ولي ومبارك حنوز، مترجمان). الدار البيضاء: دار توبقال للنشر.
مجلات العربية:
جاكوبسن، رومان. (2020). المهيمنة (سيدي محمد بن مالك، مترجم). *مجلة إحالات*، *6*، 136
.
رايس، كمال. (2018). من الشكلانية إلى البنيوية؛ مسافة المفهوم والرؤية. *مجلة إشكالات*
ماكاروفسكي. (1984). اللغة المعيارية واللغة الشعرية (ألفت كمال روبي، مترجم). *مجلة الفصول*، *1*، 40.
محمد، عروس. (2019). شعرية القصيدة عند الشكلانيين الروس. *مجلة الرسالة*، .الجزائر

## سەرچاوەی ئینگلیزی:

1.Shklovsky, V. (1965). Art as technique. In L. T. Lemon & M. J. Reis (Eds. & Trans.), *Russian Formalist criticism: Four essays* (pp. 3-24). University of Nebraska Press. (Original work published 1917)

2.Tynyanov, Y. (2019). *Permanent evolution: Selected essays on literature, theory, and film* (N. Dralyuk, Trans.). Academic Studies Press.

---

# Russian Formalist Criticism in Kurdish Poetry Criticism: A Case Study of (Nizar Salman Tahir's) Studies

**Aveen Khalid Qadir**
Kurdish Department, College of Basic Education, Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Avin.qader@su.edu.krd

**Dr. Fuad Rasheed Mahammad**
Kurdish Department, College of Basic Education, Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Email: Fuad.mohammd@su.edu.krd

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٤)، پایز ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## Abstract

This research is a critical evaluation of how the critical foundations of Russian Formalism are used and understood in Kurdish poetry criticism. The study evaluates two different works by "Nizar Salman Tahir": the book "خوین دهمبێزا بەفرێدا" (2004) as a non-academic work, and the research "Russian Formalist Critical Theory: Structure and Foundations" (2017) as an academic work. For this purpose, the research employs an analytical-comparative approach within the framework of meta-criticism, to analyze Nizar's critical discourse and reveal contradictions between theory and practice. The results show that despite the passage of 13 years between the two works, some problems of understanding and errors in using formalist concepts have persisted. The research identifies the factors that led to these problems, including: the absence of original formalist sources in Kurdish and problems with critical terminology in Kurdish. Finally, the research presents a set of recommendations for improving the understanding and use of formalist foundations in Kurdish poetry criticism.

***Keywords:*** *Russian Formalism, Kurdish Poetry Criticism, Nizar Salman Tahir, Meta-criticism, Application*

## النقد الشكلاني الروسي في نقد الشعر الكردي دراسات (نزار سلمان طاهر ) نموذجا

**ملخص :**

هذا البحث عرض و تحليل و تقييم نقدي لكيفية استخدام وفهم الأسس النقدية للشكلانية الروسية في نقد الشعر الكردي. يقوم البحث بتقييم عملين مختلفين لـ"نزار سلمان طاهر": كتاب "خوين دهمبێزا بەفرێدا" (2004) كعمل غير أكاديمي، وبحث "نظرية النقد الشكلاني الروسي: البنية والأسس" (2017) كعمل أكاديمي. لهذا الغرض، يستخدم البحث المنهج التحليلي-المقارن في إطار نقد النقد، لتحليل الخطاب النقدي لنزار وكشف التناقضات بين النظرية والتطبيق. تُظهر النتائج أنه رغم مرور 13 عاماً بين العملين، استمرت بعض مشكلات الفهم والأخطاء في استخدام المفاهيم الشكلانية. يحدد البحث العوامل التي أدت إلى هذه المشكلات، منها: عدم توفر المصادر الأصلية الشكلانية باللغة الكردية ومشكلات المصطلحات النقدية في اللغة الكردية. في الختام، يقدم البحث مجموعة من التوصيات لتحسين فهم واستخدام الأسس الشكلانية في نقد الشعر الكردي. .